محەمەد وەسمان

# خامەڕانی
# لەبارەی سێ بابەتی زمانەوانی

لەبارەی  ئەلفوبێی لاتینی

گیروگرفتی نیگاری دەنگەکانی زمانی کوردی

رۆڵی رەگی کار لە زاراوەدانانداه

هەولێر-2012

**ناوی کتێب: خامەڕانی لەبارەی  سێ بابەتی زمانەوانی**

**ناوی نووسەر: محەمەد وەسمان**

**تیراژ:1000 دانە**

**تایپ و نەخشەسازی:زانکۆمحمد**

**چاپخانە:**

**ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( 40 ) ی ساڵی( 2012 )ی پێدراوە.**

1-لەبارەی ئەلفوبێی لاتینی
2-گیروگرفتی نیگاری دەنگەکانی زمانی کوردی
3- رۆڵی ڕەگی کار لە زاراوەدانانندا

## 1- لەبارەی ئەلفوبێی لاتینی

نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی، واتە توێژینەوە لەو کێشانەی پەیوەندییان بە مێژووی پێشکەوتنی ئەلفوبێی لاتینیو گیروگرفتەکانیو رێنووسی کوردییەوە هەیە،

وەك ئاشكرایە، جگە لە ئەلفوبێی لاتینی كورد بە چەند ئەلفوبێییێكی دیشی نووسیوەو دەنووسێ، وەك: عەرەبی، سلاڤی، ئەرمەنی... هتد،

## نووسین – جۆرو مێژوو

لە بەراورد كردنی ئاخاوتنەوە لەگەڵ نووسین، ئەوە دەردەكەوێ كەوا ئاخاوتن زۆر لە نووسین كۆنترە، تەمەنی ئاخاوتن لە (400 - 500)هەزار ساڵ كەمتر نییە بەلاّم، تەمەنی نووسین هەر هەشت نۆ هەزار ساڵێك دەبێ [1]،

نووسین پەیدا بوون وەك ئامرازێكی لە یەكتر گەیشتن‌و پاراستنی ئەزموونی مرۆڤو گواستنەوەی لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكەو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سەرجەم مرۆڤایەتی، بەوە بووە، لە ئاكامی گۆڕان‌و پەرەسەندنی ژیانی بەرایی مرۆڤو پێكهاتن‌و گەشەسەندنی كۆمەڵگەی مرۆیی، لەگەڵ پێشكەوتنی كۆمەڵی مرۆڤایەتی نووسینیش پێش كەوت‌و ئەركی وردە وردە فرەوانتر بووجۆری نوێی لێ پەیدابوو،

سێ جۆری سەرەكی نووسین بەپێی پلەی مێژوو بەدوایەكدا هاتوون:

یەكەم: نووسینی وێنەیی – الكتابة التصویریة –

نووسینی پیكتۆگرافی pictography – وێنەیی، لە دوو وشەی (pictus – جوان) ی لاتینی‌و (grapho – دەنووسم) ی یۆنانی پێكهاتووە، واتە جوان نووسین، )، تیایدا وێنەی مرۆڤ، بەلەم، گیانلەبەر... بە خەت كێشراوە، لەگەڵ پێشكەوتنی مرۆڤداو گەشەكردنی بیرو هەستیدا،

دووەم: نووسینی هزرنووسی (ئیدیۆگرافی – Ideography) (ئیدیۆگرافی – لە دوو وشەی (idea – بیر)و (grapho – دەنووسم) ی یۆنانییەوە ساز بووە

---

1 - د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی

**واتە (بیرنووس)، لەم جۆرە نووسینەدا ئەو بیرە رادەگەیەنن لـە مێشـکی مـرۆدا پەیدا دەبێت، لەم قۆناغەدا وێنە وەك چۆن واتای راستەوخۆی دەگەیانـد (چـاو) ئەندامی چاو، واتای (خوازە — مەجاز) یشی دەگەیاند (بینین) کـە لـە هـزری مرۆڤدایە.**

**سێیەم: نووسینی بزمـاریی: لــە ئــەنجامی بــەرەو پــێش چــوونی کۆمەڵگــە لەشارستانییەتی سۆموریدا نووسینی بزماریی هاتە دی،**

**چوارەم: نووسـینی (هـیرۆ گلیـف) ی، (هـیرۆ گلیـف -** Hieroglyphoi**) ی یۆنانی بە واتای نەخشی پیرۆز یا (نەخشی ڕەبەنەکان) چونکە رەبەنەکان لەسەر ئێسقانو شتی تر نەخشیان دەکرد. کۆنترین دەق دەگەڕێتەوە بۆ (**3300 **پ. ز) لە نزیکـەی (**2700 **پ. ز)، (**22**) هێمـای هیرۆگلیفـی هـەبوو کـە دەنگـە وەسـتاوەکان (کۆنسـونانتەکان) (نەبزوێنـەکان) یـان دەنوانـد. لـە نوسـینی هیرۆگلیفیدا، ڕیشەی نیشانەی دەنگ هەیە، (برِگە، دەنگ) ی پیێشان دەدا.**

## نووسینی بزماری

مـرۆڤ لـە میسـۆپۆتامیا – نێـوان دوو زێ، هـەر لەگـەڵ فـرەوان بـوونی کشتوکاڵو پێکهێنـانی شـارو کۆمەڵگـەی شارسـتانیو بازرگـانیو ئـامێری گواسـتنەوەی وەك دەسـتە بـەرەو پێچـکەو گەمیـەی بایـەوانی، نووسـین وەك ئامرازێکی گەیاندنو لێك گەیشتن پەیدا بوو، بە قۆناغی نووسـینی وێنـەییو بیرنووسی تێپەریوەو نووسـین هـەنگاوی دیکـەی نـاوە بـەرەو پـێش، نووسـینی بزماری هەنگاوێکی مەزنی پێشکەوتن بووە، کـە لـە (3600 پ. ز) لەسـەر دەپی قوڕین، بە قەڵەمێکی نووك باریك وەك بزماری دەنووسراو بە ئاگر یـا بـە خۆر وشك دەکرایەوە، نووسینی بزماری تـا کۆتـایی سـەدەی یەکـەمی زایینـی بەکار دەهات،

نووسینی بزماری لەسەر دەستی سۆمەرییەکان داهێنرا، کـە لـە سـەرەتای هەزارەی شەشەم (6000 پ. ز) لە خوارووی میسیۆپۆتامیا نیشتەجێ بـوونو شارەکانیان بنیات نا (ئور، نیپوور، لارسا...) نووسینی بزمـاری بـۆ (2000) ساڵ زمـانی نووسـین بـوو لـە ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، لـە سـێبەری شارستانیەتی سۆمەریدا،

پـێش سـەدەی (25) ی پ. ز، (2525 – 2500 پ. ز) ئیمپراتۆریـەتی سۆمەری لە چیاکانی تۆرۆس تـا چـیای زاگـرۆسو کەنـداو تـا دەریـای سـپی ناوەڕاستی دەگرتەوە،

بۆ ئاسانکردنی نووسین هەوڵی جۆراو جۆر دراوە:

1. **لەڕووی پەیوەندی وشەوە:**

نووسینی چینیو هیرۆگلیفی میسرییە کۆنەکان بەم رێگەیەدا چوون، بە وێنە بۆ راگەیاندنی واتای فرمێسك پێویست بوو دوو نیشانەی (چاو)و (ئاو) لە یەك بدرێن،

2. لەڕووی رێزمانەوە:

رێگەیەکی دیکەی کورت کردنەوەو ئاسانکردنی نووسین ئیدیۆگرافی بە مەسەلەی رێزمانەوە بەندە، بە هێشتنەوەی رەگی وشەکەو هەر وشەیەکی دی لەم رەگە رۆنرا بوایە نیگاری تەواوکەریان بۆ دادەنا،

بەلاَم بەهۆی زۆری ژمارەی رەگەکان ئەم رێگەیە دژوار بوو چونکە هەر رەگێك پێویستی بە نیگاری تایبەتی هەبوو،

3. لەڕووی فۆنەتیکەوە:

رێگەی هەرە لەبارو گونجاو نووسینی فۆنەتیکی بوو، سۆمەرییەکانو میسریە کۆنەکان هەولّیان دا نووسین بخەنە سەررێی فۆنەتیکی، وشە نا‌سادەکانیان کەرت دەکرد وەك لە دەقەکانی ئۆگاریتی- شوێنەوارێکە لە سوریا دۆزراوەنەتەوە - هەروەها لە نووسینی هیرۆگلیفی میسرییە کۆنەکان بەرچاو دەکەوێت،

بە هەمان شێوە لای هیندییە کۆنەکان، بەرچاو دەکەوێت[2].

پێشکەوتنی نووسین لای فینیقییەکان هەنگاوێکی دیکەی بەخۆوە بینی کە ڕەگی وشەیان تێدا بە پیت دەردەبڕیو بزوێنەکانیش بە نیشانەی تایبەتی جیا دەکردنەوە واتە نووسینی نەبزوێنی (کۆنسونانتی) بوو.

---

2- (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، سەرچاوەی پێشوو).

ئـەم ئەلفوبێیـەی فینیقییـەکان لـە ڕێگـای بازرگانیـەوە گوازرایـەوە بـۆ یۆنانییەکان، گریکەکان ناوی (فینیقی) یان لە دانیشتوانی کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست ناوە (سوریا...) گریکەکان پێیان دەوتن فیونیکوس واتە (ڕەنگ مۆرەکـان) (البنفسـجیون – Phoinikies) بـەهۆی ڕەنگـی جـلو بـەرگو پۆشاکیانو کوتاڵەکانیان کە لە بازرگانیدا دەیانبردن بۆ یۆنان.

لەبەر ئەوەی فینیقییەکان ئەم ڕەنگـەیان دروسـت دەکـردو کوتاڵیـان پـێ ڕەنگ دەکردو بازرگانیان پێ دەکـرد. ئـەلفوبێی فینیقـی کـە گەیشـتە یۆنـان هەنگاوێکی دیکەی نا لـە نووسـینی فۆنـەتیکی – دەنگناسـی (Phonetics) یۆنانییـەکان، هـاتن پیتیـان هـەر بـۆ نەبزوێنـەکان دانـەنا، بـەڵکو بـۆ بزوێنەکانیشیان دانا، یۆنانییەکان هـاتن بـۆ بەشـێك لـە دەنگـە بزوێنـەکانی زمانەکەیان وێنەی ئەو دەنگە کۆنسۆنانتە فینیقی یانەیان دانا، کە لە یۆنانیدا نەبوون، بەم جۆرە ئەلفوبێی یۆنانی بەو دەستکاری کردنـەوە یەکـەم ئەلفوبێیـە کە لەسەر بناغەی وێنەی دەنگ سازکرابێتو لە دواییدا بوو بە بناغەی دانانی ئەلفوبێی لاتینیو سلاڤیو گەلانی دیکە.

هەر لەسـەر بناغـەی ئـەلفوبێی فینیقـی نووسـینی ئـارامی پەیـدا بـوو، ئەلفوبێی عەرەبیو ئەلفوبێی میللەتانی دیکـە ی کەوتوونەتەبـەر کاریگـەری ئەوان لەوەوە پەیدا بووە.

## ئەلفوبێی لاتینی

زمـانی لاتینـی (Lingua Latina) یـا ڕۆمـانی (Lingua Romana) زمانێکی ئیتاڵیکیە، سەرەتا لە (لاتیوم) قسەی پێـدەکرا، لاتیـوم ناوچـەیەکە لەبەشی ناوەڕاستی دوورگەی ئیتاڵیاو لەشاری ڕۆمـای کـۆن قسـەی پێـدەکرا،

دواتر له ڕێگای داگیرکاری ڕۆمانیدا له دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاستو بەشێکی زۆری ئەوروپا بلاْو بویەوە،

(لاتیوم) له بنجدا سێگۆشەیەکی بچووكو بە پیت بوو له ناوچەی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئیتاڵیاو شاری ڕۆمای تیادا دروست کراو بوو بە پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیو جێنشینو واری هۆزی (لاتین) ڕۆمانەکان به ئەلفوبێی لاتینیان دەنووسی که له بنجدا له ئەلفوبێی گریکیان وەرگرتبوو، که (240 تا 70 پ. ز) دەگرێتەوە، واته ڕۆمانەکان ئەلفوبێی گریکی (یۆنانیان) پەرەپێداو به هەموو میللەتانی گروپی ڕۆمانە – جەرمانی یەکاندا بلاْویان کردەوە: (فەڕەنسی، ئیسپانیو ئیتالیو پرتوگالیو ئەڵمانیو ئینگلیزیو سویدیو نەرویجیو دانیمارکی...) هەروەها (فینلەندیو مەجەریو ئیستۆنیو لاتیشو لیتۆڤیو ئەلبانیو هەندێ میللەتانی پۆڵەندەییو چیکیو سلۆڤاکی) یش ئەلف وبێی لاتینیان وەرگرت، له ساڵی 1929 تورکەکان ئەلفوبێی لاتینیان بۆ زمانی تورکی بەکارهێنا.

## ئەلفوبێی کوردی

ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکری وەحشیەی نەبەتی له کتێبی (شوق المستهام فی معرفه رموز الاقلام) (241 لا) دا، باسی ئەلفوبێیەکی کۆنی کوردی کردووە، که له پێش زایینەوە گەلێ کتێبی پێ نووسراوە.

مامۆستا مەلا کاکه حەمەی حاجی مەلا سەیفوڵلاْ ئەلفوبێیەکی نوێی بۆ نووسینی کوردی داهێنا بوو، لەسەر بناغەی ژمارەو پیت.

شێخ محەمەدی مەردۆخ، زانای بەناوبانگی کورد لە پێشەکی فەرهەنگە کوردی– فارسی– عەرەبیەکەیداکەلەساڵی 1959لەتارانچاپ کرا ئەلفوبێیەکی تایبەتی بۆ نووسینی کوردی ساز کردووە.

حەمەد عەلی کوردستانی، ئەلفوبێیەکی جیهانی داناوە، بەناوی (هاوڕێیەتی گەلان).

لەبەرئەوەی نووسین بە دەورێکی مێژوویی درێژ تێپەڕ بووەو گەلێ پاشماوەی کۆنی تێدا ماوە، ئەلفوبێی کامل – تەواو بوونی نییە.

ئەلفوبێی هەرە ناسراوو پتر بەکارهێنراوو لەبار ئەلفوبێی لاتینییە، بەلاّم پڕ بە پڕی زمانە ئەوروپیەکانی دی نەبوو، ئەو (24) پیتەی بۆ زمانی لاتینی داندرا بوو بەشی ئەو زمانە ئەوروپیە نوێیانەی نەدەکرد کە پێویستیان بە (36 – 40) پیت هەبووە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو ناتەواویانە هەولّی هەمەجۆر درا، وەك دانانی چوکلّە لەسەر یا لە ژێر یا گەیاندنەوەی هەردوو سەری پیتێك، لێکدانی دوو پیت[3]... هتد.

(ئەگەر ئەلفوبێ لەسەر بناغەی یەکسانی لەنێوان ژمارەی پیتو ژمارەی فۆنیمدا دابمەزرێت ئەوسا کێشەی رێنووس نیوەی نەدەما)

3 ئەو ڕەحمانی حاجی مارف – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی

ئاشکرایە، دەشێ لە پێش هاتنی ئیسلام، یا لەگەڵ هاتنیدا نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەستی پێکرد بێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نووسراو لەبەردەستدا نییە کەی دەستی پێکردووە.

### لەبارەی ئەلفوبێی عەرەبی دەسکاری کراوەوە:

د. ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت:

(کۆنترین دەستووری‌و چاپکراوی کوردی، ئەوە دەگەیەنن کە نووسەرانی کورد. وەك فارسەکان بۆ هەندێك لەو دەنگە کۆنسۆنانتانەی لە زمانی عەرەبیدا نەبووە‌و لە ئەلفوبێیاندا نیگاریان دەست نەکەوتووە، بە دانانی سێ خاڵ، وەك (پ، چ، ژ، ڤ...) یاخود بە دانانی خەتێك وەك: (گ) بۆ سەر (ک) چارەیان کردووە بە وێنە دەستنووسەکەی (عادات‌و رسومات نامەی اکرادیە) ی مەلا مەحمودی بایەزیدی کە لە ساڵی 1858 – 1859 ز نووسیویەتی تێکڕای ئەو پیتە کۆنسونانتە کوردیانەی تێدایە[4] کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نین، بە هەمان شێوە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان)، لە 1898 ز دەرچووە، هەمان دیاردەی تێدایە، لە فەرهەنگی (الهدیە الحمیدیە فی اللغە الکردیە) 1893 (استانبول) بۆ نیشاندانی دەنگی (ۆ)و (ێ) لە ژێر نیگاری (و)و (ی) نیشانەی (8) ی داناوە:

ل 43، ێ، د 2 – (توبە) - ل 33، ێ، د 14 – (پێرار)

---

4 ئەو ڕەحمانی حاجی مارف – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(لەکۆمپیوتەر هەر بەم جۆرە رەخسا)

لە گۆڤاری (ژین) ی ئەستەنبوڵ، ژ (18) مایس 1919، (ڤ) بۆ (ۆ)و (ی8) بۆ (یێ) دیار کردووە، (ۆ) بۆ دیفتۆنگ (وی)و (یێ) بۆ بزرۆکە، لە کتێبی (انجیل یوحنا)، لە 1919، چاپ کراوە، چوکڵە خراوەتە سەر پیتی (ل) بۆ نیشان دانی دەنگی (ڵ) لامی قەڵەو، لە گۆڤاری (ژین) ی ئەستەنبوڵدا، کە لە (1919) دەرچووە نیگاری (ك) هەمزەی سەر کورسی بەکارهاتووە هەروەها لە گۆڤاری (کوردستان) ی 1919 ئەستەنبوڵ هەمان پیت وا نووسراوە.

## کەموکورتییەکانی ئەلفوبێی عەرەبی

رەوانشاد مەسعوود محەمەد لەبارەی کەموکورتیەکانی ئەلفوبێی عەرەبی نووسیویەتی:

لە (گیروگرفتی رێنووسی کوردی) لە کۆڕی شەقلاوەدا – 1973 دەنووسێت: (ئەلفو بێی عەرەبی دوو ئەرکی زۆر گەورە داوێتە سەر ئەستۆی کەسانێك لە نووسیندا بەکاری دێنن... بەڕاستی نووسەر بە ئەلف وبێی عەرەبی هێندە قەلەمەکەی هەڵدەگرێو بۆ پێشەوەو سەرەوەو ژێرەوەو دواوەوەی دێنێو دەبا، هەر دەڵێی رەسامەو فرچە کاری دەکا لە تابلۆی رەسم...

دوای ئەمانە ئەو پیتە مەلعونەی (5) کە لە جێگەی (فتحە) بەکاردێ... چ موبالەغە نیە لەوەدا کە بڵێم نووسەری عەرەبی چەند خەریك دەبێ لەباری دەستووری (قواعد) ی زمان هەڵە نەکا هێندەش لەباری رێنوسەوە خۆ بە دانانی نوقتانەوە دێنێو دەبا...

زۆرینەی پیتەکانی شکڵیان بە یەکتری دەچێ بە نوقتەو بێ نوقتە: ف ق – ر ز – س ش – ب ت.

ئیتر وا دەبیٚ هەڵەکردن بە تەواوی واتاو مەبەست دەگۆڕیٚ یا تیٚکی دەدا یا نای هیٚڵیٚ، ئەم ئیشکالە لە کوردی هیٚندەی عەرەبی بە ملیەوەیە... ئیشکالی دانانی نیشانە لەسەر پیتان لە کوردیدا دو جاران لە هی عەرەبی زیاترە.

تۆ سەیرکە ئەو چوکلّەی پیتی (ت) ی ناو وشەییٚك وەك (دیتن) بۆ شەش ئیحتمال دەست دەدات (ـبـ، ـپـ، ـیـ، یـٚ، ـتـ، ـنـ) لەوانە هەڵە لەنوقتەکان یان ئیشارەکاندا ببیٚتە هۆی گۆڕینی واتا یان نەهیٚڵانی واتا هەر بە جاریٚ... وشەی (دەقۆزیٚتەوە) 13 جاران خامە تیٚییدا جیٚ گۆڕکیٚ دەکا (دەبی 13 جاران دەست هەڵگری)، ، ئەم هەموو پیتی نەلکاوو خاڵو نیشانەیە نووسینو خویٚندنەوەی شیٚواندوەو ریٚگەی داوە بە هەڵە کردن تیٚیایدا...

نووسینی کوردی بە ریٚنووسی لاتینی بایی ئەوەکە هەموو پیتەکان دەلکیٚن بە دوا خۆیانەوەو تیٚکڕایان خاڵو نیشانەیان لە ریٚنووسی عەرەبی کەمترە، بیٚ گرفتترە — کە دەکا فەرقیٚکی تا بلّیٚی زۆر، هەم لەرووی ئەوەوە کە هەڵە تیٚدا کردنی کەمتر دەبیٚو هەم لە روی ئەوەوە زیهن هیٚندە خەریك نابیٚ بە نەقشو نیگاری خاڵو نیشانەکانو جیاکردنەوەی مەودای میانی کەرتو بڕگەکانەوە،

سەرەڕای ئەمانەش: کە دەست هەڵگرتن لە نووسینی رستە کەم بۆوە میٚشکیش کەمتر رچەی فکرەکانی لە یەکتری دەپچریٚنەوە...) (ل 12 – 12)

پیتە کوردییەکان وەك لە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕیٚنووسیٚکی یەکگرتووی کوردی (1009) هاتووە بەم جۆرەن.

پیتە کوردییەکان (34) پیتنو ئەمانەن:

(ئـــ، ا، ب، پ، ت، ج، ح، خ، د. ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ، ە، و، ۆ، وو، ی، یٚ)

پیته خاڵدارەکان لە ئەلفوبێی عەرەبی دەستکاری کراو (16) پیتن‌و بە هەموویان (30) خاڵیان هەیە،

هەر پیتەی چوار شێوەی نووسینی هەیە (لە پێشەوەی‌و لە ناوەڕاست — لکاو بە پیتی پێشەوە + لکاو بە پیتی دواوەی — بە تەنیا) ئەوا دەکاتە:

30 × 4 = 120 خاڵ واتە نووسینی قاڵبی پیتەکە خۆی نووسەر (120) جار لە نووسیندا دەست هەڵدەگرێت جگە لە سەرباری ئەوەش لە رووی فێرکردنی پیتە عەرەبییەکانەوە ئەم گیروگرفتانەی پەیوەست بە نیگاری پیتەکان لە رووی ژمارەی جووڵەی پێویست بۆ نووسینیان دیسان ئەرکێکی گران دەکاتە سەر فێرخوازی تازە دەست بە نووسینی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی دەستکاری کراو دەکات، وەك جۆرەی خوارەوە:

| |
|---|
| ئـ (ئـ ـ 2و 2) = 4 جووڵە، |
| ا = 1 جووڵە |
| ب (2 + 1 + (ب = 4) = 7 جووڵە |
| پ (6 + 5) = 11 جووڵە |
| ت (5 + 4) = 9 جووڵە |
| ج (ج 4) = 4 جووڵە |
| چ = 6 جووڵە |
| ح = 3 جووڵە |
| خ = 4 جووڵە |
| د = 2 جووڵە |

| |
|---|
| ف = 4 جووڵە |
| ڤ = 6 جووڵە |
| ق = 5 جووڵە |
| ك = 8 جووڵە کـ = 3 جووڵە |
| گ+و = 9 جووڵە |
| ل = 2 جووڵە |
| ڵ = 4 جووڵە |
| م = 3 جووڵە |
| ن = 4 جووڵە |
| ه = 3 جووڵە |

| |
|---|
| ر = 1 جووڵه |
| ڕ = 3 جووڵه |
| ز = 2 جووڵه |
| ژ = 4 جووڵه |
| س = 4 جووڵه |
| ش = (4 + 3) = 7 جووڵه |
| ع = 2 جووڵه |
| غ = 3 جووڵه |

| |
|---|
| ه = 1 جووڵه |
| و = 2 جووڵه |
| وو = 4 جووڵه |
| ۆ = 4 جووڵه |
| ی = 2 جووڵه (یـ = 4 جووڵه) |
| ێ = 4 جووڵه (ێـ = 6 جووڵه) |
| کۆی گشتی = 113 جووڵه |
| |

## تێکبەستنی پیتەکان

1- له ئەلفوبێی عەرەبیدا هەر دەنگێك چەند نیگارێکی هەیە:
بە وێنە (ی) پیتی (یاو) به چوار جۆر دەنووسرێت،

أ- لەسەرەتای وشه (یـ).

ب- لەناوەڕاست (ـیـ)،

ت- گەر بە پیتی پێشەوەی بلکێ (ـی).

پ- گەر بە پیتی پێشەوەی نەلکێ (ی).

2- زۆربەی ئەو وشانەی پیتی دواییان به پیتی لکاو دوایی دێت، کاتێ، نیشانەیا پاشبەند (پۆست پۆزیشن) وەردەگرن شێوەی جۆر بەجۆرە وەردەگرن، وەك: جوان تر / جوانتر، هاورێی باش / هاوڕێ ی باش.

ئەو وشە ناسادانەی مۆرفیمی یەکەمیان دەنووسرێت، وەك: چاپخانە / چاپ خانە، بەرگ دروو / بەرگدروو.

واتە لکانی پیتە عەرەبیەکان کە تایبەتمەندییەکی پیتی عەرەبیەو یەکێکە لەو رەوشە نەرێنیەی خراپ کاری کردۆتە سەر رێنووسی کوردی لەبەرئەوەی وای کردووە هەمان وشە بە دوو جۆر بنووسرێت، بە وێنە: (چاوکاڵ) بەهۆی ئەوەی کۆتایی بە (پیتی نەلکاو) هاتووە بەناچاری بەیەك شێوە دەنووسرێت، بەلاّم وشەی (دڵپاك) جیاوازە لەبەرئەوەی کۆتایی بە (پیتی لکاو) هاتووە دەکرێ بە دوو شێوە بنووسرێت (دڵ پاك / دڵپاك)، ئەم وشەیە دەبوا وەك (چاوکاڵ) یەك شێوەنووسینی بوایە چونکە کەرەستەی رۆنانیان یەکە دەبوایە بە یەك شێواز بنووسرایەو بەسەریەکەوە بنووسرایە.

## نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی

ئەگەر بایەخدانی قەشەی ئیتاڵی (ماوریزو گارزۆنی – Maurizio Garzoni) بە زمانو رێزمانو وشەی کوردی، لە رێگای دانانی فەرهەنگی ئیتاڵی – کوردی کە لە ساڵی (1787 ز) لە رۆما بلاّوکرایەوە کە نزیکەی پێنج هەزار وشەی ئیتاڵی بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو – ناوچەی ئامێدی راڤەکراوە، نووسینی ئەم وشانە بە ئەلفوبێی لاتینی بە یەکەم هەنگاوی بەکارهێنانی پیتی لاتینی دابندرێت بۆ نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی ، ئەوا هەنگاوی دیکەیش لە لایەن زاناو گەڕیدە بیانییەکانی دیکەش نراوە لەم بوارەدا،

هەنگاوێکی گرنگ لە ئەرمینیای سۆڤێتی نرا، کە (هاکوب کازاریان) ی ناسراو بە (لازو) لە (1921) قوتابخانەی بۆ خوێندنی کوردی کردبۆوە تیایدا

زمانی کوردی بە پیتی ئەرمەنی دەوتەوەو خێزانەکەی زمانی ئەرمەنی پێدەوتن[5]،

دواتر (عەرەبی شەمۆ)[6] راسپێردرا بۆ دانانی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، لەسالّی 1929 ئەلفوبێیەکەی ئامادەکردو رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێ وەرگرتو لە خوێندنگاکاندا دەخوێندرا،

هەروەها گۆڤاری رییا تازەی پێدەرکردو ئەم ئەلفوبێیە تا سالّی (1937) کاری پێکراوەو دواتر ئەلفوبێی سیریلی (کیریلی) جێی گرتۆتەوە،

هەنگاوی هەرە گرنگ لەم بوارەدا لەلایەن (رەوانشاد میر جەلادەت بەدرخان (1893 – 1951) هەوەنرا، کە لەسالّی (1919) ەوە بایەخی بە نووسینی کوردی داوە بە ئەلفوبێی لاتینی،

هەرچەندە وەك د. نەجاتی عەبدوللاّ دەلّێت: (من تێکستم لەبەردەست بووە کە سالّی 1913 بە تورکی عوسمانلی عەبدوللاّ جەودەت داوای وەلانانی حەرفی عەرەبی دەکات)،[7]

تا دەلّێت {لەناو کوردا دکتۆر عەبدوللاّ جەودەت یەکەمین کەسە داوای ئەلفوبێی لاتینی کردووە}،

جەلادەت بەدرخان دەگێرێتەوە:

(ئەم ئەلفوبێیەی لە ئارادایەو پێی دەنووسین لە ئاکامی کۆششێکی زۆرەوە لە سالّی 1919 ی زایینی هاتۆتە ئاراوە، لەو کاتەی بە چیاکانی مەلاتیەدا

---

5 د.مارف خەزنەدار، گ. شمس کردستان

6 (ژ (2)، 1971، قەناتی کوردۆز

7 د. نەجاتی عەبدوللاّ، هەقی وایە ورد بنووسین، بەدرخان، ژ (84) 2007/8/22

ڕەت دەبـــووین، لـــە نێـــو ئێلـــی ڕەشـــون، عەقیـــدی ئینگلیـــزی (نوئێـــل) مـــان لەگەڵدایە، کە دیالێکتی سـۆرانی دەزانـی، لـە هـەمان کـات خوازیـار بـوو دیـــالێکتی کرمـــانجی بزانێـــت، لەبەرئـــەوە هـــەموو وشـــەیەکی ببیســـتایە دەینووسیەوە، منیش، خـۆم بـە ئـەلفوبێی عـەرەبی دەمنووسـیەوە، چ پەنـدی پێشینان بوایە یان چیرۆکی فۆلکلۆری، هێندێجار، بەیەکەوە بـەم کەرەسـتانەدا دەچـــووینەوە، بـــۆ بـــەراورد کـــردن، تێبینـــی ئـــەوەم کـــرد عەقیـــد (نوئێـــل) دەستنووسەکەی لەمن ڕەوانتر دەخوێندەوە هەرچەندە بە دەربڕینێکـی بیانییـەوە، بەلاّم من زۆر تووشی دژواری دەبووم لە دەربڕینی (وو – û)و (ۆ-o)و (یـی – î)و (ێ – ê) ئەوەشیان هانیدام لە هۆی ئەم دژوارییە بکۆڵمـەوە لـەو کاتـەی دەمبینی (نوئێل) زۆر بە جـوانی وشـەکان دەردەبڕێـت، دواتـر بـۆم دەرکـەوت نهێنییەکە لەوەدایە (نوئێل)[8] بە پیتی لاتینـی دەنووسـێت بۆیـە بـە ئاسـانی دەیخوێنێتەوە، من کە بە پیتی عەرەبی دەمنووسـیو وانـەبووم، مـن لەبەرئـەوە بڕیارم دا ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ئامادە بکەم).

جەلادەت لە گۆڤاری هەتاودا، هـەر لـە ژمـارەی یەکەمـەوە لـە (15) ی ئایاری 1932 تا ژمارە (23)ی (1933/7/25) } بەرەبەر ئەلفوبێیەکەی بەکاردەهێناو لە ژمارە (24) ەوە (یەکی نیسـانی 1943) هـاوار تـەنیا بـە ئەلفوبێی لاتینی دەرچوو) شایانی باسە گۆڤاری هەتاو (75) ژمارەی لە نێوان 1932 – 1943 دا دەرچووە.

8 مێجەر ئێدوارد چارلس‌و لیام نۆئێل)

**هەندێ هەوڵی دیکە:**

- هەوڵەکانی مێجەرسون، مێجەر (أی، بی، سون) لەساڵی 1913 – کتێبێکی بچووکی لە بارەی ئەلفوبێی کوردی دانا، هەروەها لە (رێزمانی کرمانجی یا زمانی کوردی) بە ئەلفوبێی لاتینی نووسیوە،

- هەوڵەکانی (شوکری فەزلی) لە گۆڤاری (لغە العرب)، 1913،

- هەوڵەکانی (محەمەد زەکیو میرزا محەمەد باشقا) نامیلکەیەکیان دەرکرد سەبارەت بە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی بەناوی (کتابی ئەوەلەمینی قرائەتی کوردی (Kitabi awalamimi Qiraati kurdi) لە 1920 چاپکراوە،

- هەوڵەکانی (هاگوب گازایان (1836 – 1896)، لەساڵی 1921 خۆیو خێزانەکەی (ئولگە گازاریان) لە شاری (تفلیس) قوتابخانەیەکیان دامەزراندو بە ئەلفوبێی لاتینی وانەیان دەوتەوە،

دواتر بەرەبەرە زاناو زمانزانانی دیکەی وەك تۆفیق وەهبیو جەمال نەبەزو گیوی موکریانیو محەمەد بوز ئەرسەلانو موسا عەنتەرو... دەیانی دیکە کاریان لەسەر ئەم پرسە کردووە،

لێرەدا پێویستە لەگەڵ پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمیندا بڵێین: (سەرکەوتووترین ئەلفوبێ ئەوەیە کە لەسەر بنەمای فۆنیمەکانی (دەنگین) زمانەکە دامەزرابێت) بەرێزیان ئەم فۆنیمانەی لە زمانی کوردیدا دەستنیشان کردووە:

# جووتۆکە و فۆنیمەکان[9]

| جووتۆکە | فۆنیمەکان | فۆنیمی تازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| بیر، پیر، سیر، شیر، تیر، ژیر، میر | ب، پ، س، ش، ت، ژ، م | ب، پ، س، ش، ت، ژ، م | 7 |
| کەر، کەڕ، کەو، کەم، کەس، کەی، کەل، کەف | ر، ڕ، و، م، س، ی، ل، ف | ر، ڕ، و، ی، ل، ف | 6 |
| پار، بار، شار، کار، زار، دار، هار، مار، غار | پ، ب، ش، ك، ز، د. ه، م، غ | ك، ز، د. ه، غ | 5 |
| شەو، خەو، کەو، چەو | ش، خ، ك، چ | خ، چ | 2 |
| خاو، چاو، دار، ناو، ڕاو، لاو | خ، چ، د. ن، ڕ، ل | ن | 1 |
| ڤیان، ژیان، زیان | ڤ، ژ، ز | ڤ | 1 |
| حەوت، نەوت، کەوت، خەوت، چەوت | ح، ن، ك، خ، چ | ح | 1 |
| چل، چڵ | ل، ڵ | ڵ | 1 |
| بەش، گەش، ڕەش، لەش، شەش، کەش | ب، گ، ڕ، ل، ش، ك | گ | 1 |
| هەزار، هەژار، هەنار | ز، ژ، ن | --- | --- |
| باش، ماش، جاش | ب، م، ج | ج | 1 |

9 - چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی – بەرگی یەکەم – پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەور، چەور، جەور | ه، چ، ج | --- | --- |
| ڕەق، ڕەش، ڕەپ، ڕەز | ق، ش، پ. ز | ق | 1 |
| ماچ، مـان، مـار، مـاف، مـاش، مـاڵ، مـاد. مـام، مات | چ، ن، ر، ف، ش، ڵ، د. م، ت | --- | --- |
| مازی، ماسی | س، ز | --- | --- |
| دوور، دار، دەر | وو، ا، ـــە | وو، ا، ـــە | 3 |
| شێر، شار، شیر | ێ، ا، ی | ێ، ی | 2 |
| زۆر، زار، زوور | ۆ، ا، وو | ۆ | 1 |
| ژان، ژین، ژ i ن | ا، ی، i | I | 1 |
| کۆن، کون | ۆ، و | و | 1 |
| برین، بڕین | ر، ڕ | --- | --- |
| کەڕ، کوڕ، کۆڕ، کڕ | ـــە، و، ۆ، i | _ | --- |
| بان، باغ، بار، باو، باش | ن، غ، ر، ڕ، و، ش | --- | --- |

| | | |
|---|---|---|
| ا (ئەلف) A a | | ر (ری) R r |
| ب (بێ) B b | | ڕ (ڕێی قەڵەو) R´ - r´ |
| پ (پێ) P p | | ز (زێ) Z z |
| ت (تێ) T t | | ژ (ژێ) J j |
| ج (جیم) C c | | س (سین) S s |
| چ (چیم) Ç ç | | ش (شین) Ş ş |
| ح (حێ) H ´h´ | | ع (عەین) ('eyn) (') |

| | | |
|---|---|---|
| خ (خێ) X x | | غ (غەین) x´ X´ |
| د (دال) D d | | ف (فێ) F f |
| ڤ (ڤێ) V v | | ە (ئە) E e |
| ق (قاف) Q q | | و (واو) W w |
| کـ (کاف) K k | | وو (واوی درێژ) û û |
| گ (گاف) G g | | ۆ (واوی کراوە) O o |
| ل (لام) L l | | و (واوی کورت) U u |
| ڵ (لامی قەڵەو) L-I´ | | ی (یێ) Y y |
| م (میم) M m | | ی (ییێی کورت (بزرۆکە) I i |
| ن (نوون) N n | | ی (ییێی درێژ) Î Î |
| ه (هێ) H h | | ێ (ییێی کراوە) ê Ê |

**ئـ - دەنگێکی یاریدەدەرە بۆ دەربڕینی بزوێنەکان)**

**دووبارە کردنەوەی دەنگێك ⁄ پیتێك گیرە دەگەیەنێ (کەللە — میللەت...)،**

**ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی دەسکاری کراو:**

(ئـــــ، ا، ب، پ، ت، ج، ح، خ، د. ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ه، ە، و، ۆ، وو، ی، ێ)،

**ئەلفوبێی کوردی بە پێی فۆنیمی دەنگەکان:**

(ئا، ئە، ئو، ئۆ، ئوو ، ئێ، ئی، ئیی، ئێ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د. ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ه، و، ی)

**ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی دەسکاری کراو:**

A a , B b , C c , ç ç , D d , E e , Ê ê , F f , G g , H h ,H′ h′ , I i , Î Î, J j , K k , L l , L′ -l′ , M m , N n , O o , P p , Q q , R r , R′r′, S s , Ş ş , T t , U u , û û , V v , W w , X x , (') 'eyn , X′ x′ , Y y , Z z ،

**ئەلفوبێی لاتینی جەلادەت بەدرخان:**

A a , B b , C c , ç ç , D d , E e , Ê ê, F f , G g , H h , I i , Î Î, J j , K k , L l , M m , N n , O o , P p , Q q , R r , , S s , Ş ş , T t , U u , û û , V v , W w , X x , Y y , Z z ،

**پیتە دەسکاری کراوەکانی جەلادەت بەدرخان: (4) پیت**

Ê ê ێ:

Î Î یی:

ش ş Ş:

û û وو: 

**پیتە دەسکاری کراوەکانی نویٚ:**

(8) پیتن،

Ê ê یٚ:

Î Î یی:

Ş ş ش: 

û û وو:

H´ h´ ح: 

L´- l´ ڵ: 

R´ r´ ڕ:

X´ - x´ غ: 

'eyn (') ع: 

## چەند تایبەتمەندییەکی فۆنەتیکی زمانی کوردی

**لە زمانی کوردیدا:**

1- دوو بزوێن یا زیاتر لە تەك یەکدا نایەن،

2- هەر وشەیەك کۆتایی بە بزوێنی (وو - û û) یا (یی -Î Î ) بیٚت و نیشانەیەکی بە بزوێن دەسپیٚکردووی پیٚوە بلکیٚندریٚ – بەدوادابیٚت – ئەو دەمە لە نیٚوان وشەو نیشانە دا نەبزوێن (کۆنسۆنانت) یٚکی (و – w) یا (ی – y) ی دیٚتە کایەوە، ئەرکی پاراستنی بزوێنەکانە، بەناوبەند ناسراوە،

1- نیشانەی (ان) ی کۆ:

برایان (برا + ی + ان) Birayan ⁄ بەڕووان (بەڕوو +و + ان) Ber´ iwan

2- نیشانەی (ەکە) ی ناسیاوی:

ئارەزووەکە (ئارەزوو+و + ەکە) Arezûweke

مووروووەکە (موورو +و + ەکە) Mûrûweke

دیارییەکە (دیاری + ی + ەکە) DÎyarÎyeke

3- نیشانەی (ە) ی ناسیاوی:

تووەوە (توو +و + ە) TûWE

جووەوە (جوو +و + ە) CûWE

4- تێچوونی بزوێن:

بەتایبەتی (ە) کە بزوێنێکی دیکەی دێتەپاڵ

بەڕە + ان + بەڕان Ber ´an

یا کاتی ئامرازی (ەکە) ی ناساندن دەخرێتە سەر وشەکە:

پەردە + ەکە = پەردەکە Perdeke

پارە + ەکە = پارەکە Pareke

5- دەنگی (پیتی) (ر)و (ڵ) بەهیچ جۆرێك لەسەرەتای وشەدا نایەن،

6- لە زمانی کوردیدا نیگار بۆ (هێز – stress) دروست نەکراوە، هەندێ جار لەگەڵ گواستنەوەی هێز لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی دیکە واتای جیاواز پەیدا دەکات.

1- هێزی سەر وشە، وەك:

وشەی (سەوزە)

1- ئەگەر هێز لەسەر دوا دەنگی دابندرێ، واتای (هەموو جۆرە شینایییەك دەگرێتەوە کە ڕوابن)،

2- گـەر هێــز بخرێتــە ســەر دەنگــی دووەمــی، واتــای (رەنگــی ســەوز) دەگەیەنێت،

2- هێزی (ئاواز) رستە، Phrasal stress وەك:

- مامم هات ؟ ?Mamim hat

- مامم هات، ،Mamim hat

6- دەنگ / پیتی دووپات (مشدد) بەدووبارە کردنەوەی دەنووسرێت:

کەللە Kelle/ مەککە Mekke / ماددە Madde

7- دیفتۆنگ – بزوێنی دوو لانە بە دوو پیت بنووسرێت:

نوێژ Niw êj/ نویَ Niwê / خویَ Xiwê / دویر DiwÎr/ سویر SiwÎr

8- نووسنی (و) ی پەیوەندی بە سەربەخۆیی:

منو تۆ Min û to/ هەرمیَو هەنجیر ê û HencÎr Herm

9- نووسینی (ی) خستنە سەر وەسفی بە سەربەخۆیی:

شمشاڵی شوان ŞimşalÎ Şiwan

ترۆزیی ناسك Î Î Tiroz Nasik

ماسی ناو ئاو Î Mas Naw aw Î

چرای ئازادی Î Î ç ira Azad

چەقۆی کول Î ç eqo Kul

کانی سارد Î Î Kan sard

هەرمێی باڵەك Herm ê bal Î′ek

10- نووسینی (ی) دانەپاڵ (نسبە): هەڵەبجەیی Helebcey Î

هەڵەبجەیی هەولێر Î Hewler HelebceyÎ

وەك:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| r´ Kawi | کاوڕ | | Dû | دوو |
| Wil´at | ولاَت | | Danû | دانوو |
| Wird | ورد | | ş Pû | پووشی |
| eşWi | وشە | | Cût | جووت |
| awR´ | ڕاو | | ´Kur | کوڕ |
| ´er Be | بەڕ | | ´Gul | گوڵ |
| emmeŞ | شەمە | | ´Kor | کۆڕ |
| ÎWaz | وازی | | on´R | ڕۆن |
| Tawan | تاوان | | Dil´ | دڵ |
| Çaw | چاو | | Jin | ژن |
| Gul´ | گوڵ | | Piyaz | پیاز |
| Kurd | کورد | | iwanŞ | شوان |
| Tund | توند | | iwaR´ | ڕوا |
| zê Giw | گوێز | | Yar | یار |
| ê Xiw | خوێ | | Yazde | یازدە |
| riHêw | هێور | | Derya | دەریا |
| Neberd | نەبەرد | | rÎ P | پیر |
| Xerman | خەرمان | | rÎT | تیر |
| ewezR´ | ڕەوەز | | ÎPer | پەری |
| Gunah | گوناه | | ÎTroz | ترۆزی |
| hû Gur | گـوروو | | jê Niw | نوێژ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ه | | | |
| hatê D | دێهات | | nê Niw | نوێن |
| Çinakem | چ ناکەم | | Ba’eba’ | باعەباع |
| yeÎ Çin | چ نییە | | X´ardan | غاردان |
| a’irŞ | شاعیر | | Birjang | برژانگ |
| ’ Usman | عوسمان | | Hewr Î | هەوری |

## سەرچاوەکان


1- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف: - نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، 2- زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا – 1976

3- بەرهەمە زمانەوانییەکانی، سلێمانی 2002،

4- جەلادەت ئال بەدرخان، ئەلفابێیا کوردیو بنگەهێن گرامەرا کوردمانجی، کۆمکرنا: ئارف زێرەڤان، چ: دهۆك، 2001،

## گیروگرفتی نیگاری دەنگەکانی زمانی کوردی

گیروگرفتی نیگاری دەنگەکانی زمانی کوردی لە(ڕاسپاردەکانی کۆنفراسی بەرەو ڕێنوسێکی یەکگرتووی کوردی)ی ئەکادیمیای کوردیدا، کە ڕۆژانی 4/12و 8/9 ی2009 کە لە هەولێر سازی کردووە.

### ڕێنووس چیە؟

ڕێنۆس، سیستەمی هێماکانی زمانە، ئامرازی پاراستنی تایبەتمەندی دەنگەکانی زمانە، کەنەوەدوای نەوە لەڕێگای ڕێنووسەوە دەگوازرێتەوە، زمانە، دەفری پاراستنی بەرهەمە هزریو داهێنانە هزریەکانە، ئامرازی گواستنەوەی کەلتوری نەتەوەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئامازی لێك تێگەیشتنی ئەمرۆی کۆمەڵگەیەو رێگای گەیاندنی رۆشنبیرو هزرو کەلتوورە بۆ نەوەی دیکە،

لەوردبوونەوە لەم ڕاسپاردانەی تایبەت بە ڕێنووسی کوردی ئەم چەند تێبینییانەی خوارەوەم لادروست بوون:

1- سەرەتا لەم راسپاردانەدا ، ئەکادیمیا هاتووە وشەی (تیپ)ی زیندووکردۆتەوە لەبری (پیت) لە بەرانبەر (حرف) کە دەیان ساڵە (پیت)شوێنی خۆی گرتووەو لە قۆناغەکانی خوێندندا بەکار هاتووە، وەك ئەوەی گەنگەشە کۆنەکە زیندوو بکاتەوە،

2- لە ل 9 \د- پێش کۆتاییو تیایدا هاتووە:

{چونکە زمانی کوردی چۆن لە دەم دەردەچێت، وا دەنووسرێت، بۆیە بە پێویست زانرا، بە دانانی هەندێ نیشانە ( ە )تیپی تریش سازبکرێت...}

دواتر لە ل \11\د- نۆیەم پێش کۆتایی لاپەڕە، نوسراوە:

{ڕاست نییە بۆ هەر دەنگێك تیپێك دابنێین}

واتە پێچەوانەی بۆچوونی یەکەمو بەهانەشی چییە؟

هەر دوای ئەم دەستەواژە دەنووسێت:

{زۆرکردنی شێوەی تیپەکانیش دەبێتە هۆی خاوو خلیچکیو لەنگیو گرانی خوێندنەوەو نوسین}

دیارە بەهانەیەکی زانستی نییە هەر لێکدانەوەیەکی سەر زارەکییە، دەنا دەبوایە فۆنیم بوونو نەبوونی دەنگەکە بکاتەپێوەرو بەهانە،

3- لە ل 9 \د- پێش کۆتایی لاپەڕەدا هاتووە:

(تیپەکانی زمانی عەرەبی ، (28) تیپن)، تۆماریانی کردوەو دەنوسێ:

{(21)یان بۆ زمانی کوردی گونجاون بەلاّم (7)یان بۆ زمانی کوردی ناگونجێن کە ئەمانەن (پ، ژ، ص، چ، گ، ، ڤ، ع).

لە ل(9) بڕگەی کۆتایی هاتووە:

{پاشان، دەسکاری (5)تیپی ئەو (7)تیپە نەگونجاوە کراوە (5) تیپی کوردیان لێ سازکرا: (پ لە ب، چ لە ج، ژ لە ز، ڤ لە ف، گ لە ك)......، بە دانانی هەندێ نیشانە (5) تیپی تریش، چونکە زمانی کوردی چۆن لە دەم دەردەچێت وا دەنوسرێت، بۆیە بەپێویست زانرا، بە دانانی هەندێ نیشانە (5) تیپی تریش سازبکرێت: (ڕ) بۆ ڕێی قەڵەو (ڵ) بۆ لامی قەڵەوو (ۆ) بۆ واوی کراوەو (ێ) بۆ یێ کراوە (ـە) بۆ بزوێن }

دیارە (5) پیتەکەی دەسکاری کراون لەئەو (7) پیتە نین کە تۆمار کراون بەڵکو هەر خۆی ئاماژەی بە پیتە دەسکاری کراوەکان کردووە، واتە دەستەواژەی (دەسکاری (5)تیپی ئەو (7)تیپە نەگونجاوە کراوە) هەڵەیە،

هەروەها، لەم دارشتنەدا وا دەخوێندرێتەوە کەوا بە هەوڵو کۆششی ئەم راسپاردانە ئەم ئەرکە مەزنە کراوە، واتا دەسکاری کردنەکەو دانانی نیشانەکان داهێنانی ئەم کۆنفراسەیە !

لەبەر ئەوەی بە دێرێکیش چییە ئاماژە بەوە نەدراوە کەوا ئەم دەسکاری کردنەو دانانی نیشانانە لەلایەن ئەوانەوە دانەنراوەو بە پرۆسەیەکی مێژوویی دروست بووەودەیان زاناو زمان زانان پێیەوە ماندوو بوون تا ئەم دەسکاری کردنەو نیشانە دانانە هاتۆتە کایە، بۆ نموونە دەبوایە (بەلایەنی کەم) بنوسرێت:

{پاشان، لەسەر دەستی دەیان زمان زانی کوردو دەیان ساڵ پێش ئێستا، دەسکاری (5) تیپی ئەلفوبێی عەرەبی کراوەو بە دانانی هەندێ نیشانە (5 تیپی تریش سازکراوە...، }

بۆ ئەوە ماندوو بوونی دەیان ساڵی زمانزانە ماندوو نەناسەکانی رابردوو فەرامۆش نەکرێت، ئەوەتا رەوانشاد د، ئەو رەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی) هەر لە هەشتاکانەوە ئاماژە بەوە دەکات کەوا هەر پیتێکی ئەم دەسکاری کردنەو نیشانە بۆ دانراوانە مێژووەکی هەیەو سەربردەیەکی هەیەو کە ساڵانێك پێوەی ماندوو بووین، یەکە یەکە رێکەوتی سەرهەڵدانی ئەم پیتانەی لە نوسینی کوردیدا نیشان کردوە (دیارە وەك خۆی ئاماژەی پێداوە بە پێی ئەو سەرچاوانەی دەستی کەوتوون)،

**د. ئەو رەحمانی حاجی مارف** دەنووسێت:

((کۆنترین دەستنووسی چاپکراوی کوردی ئەوە دەگەیەنن کە نووسەرانی کورد. وەك فارسەکان بۆ هەندێك لەو دەنگە کۆنسۆنانتانەی لە زمانی عەرەبیدا نەبوونو لە ئەلفوبێیاندا نیگارییان دەست نەکەوتوە، بە دانانی سێ خاڵ، وەك (پ، چ، ژ، ڤ...، ) یاخود بە دانانی خەتێك، وەك(گ) بۆسەر (ك)

چارەیان کردووە، بەوێنە دەست نووسەکەی (عادات‌و رسومات نامەی اکرادیە)ی مەلا مەحموودی بایەزیدی کە لە ساڵی 1274ك/1858-1859 زاینی نوسیویەتی.

تێکڕای ئەو پیتە کۆسنانتە کوردیانەی تێدایە کە لە ئەلفوبێی عەرەبی دا نین بۆ نموونە بڕوانە:

ل 196، د 4 – ((پوشمانی))،

ل 196، د 14 – ((پردە))،

ل 196، د 2 – ((کچی))،

ل 196، د 3 – ((بیژن))،

سەرچاوەیەکی کۆنی دی، کە هەمان دیاردەی تێدا بەدی دەکرێ، ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، یەکەم ژمارەی لە 9 نیسانی 1898 ز دەرچووە:

ل 1، س1، د 6و7 – ((چە دبە نابە))،

ل 1، س1، د 13 – ((نەخونە))،

ل 1، س2، د 4 - ((جریدەکی)). )

دواتر لە ڕۆژنامەی ((تێگەیشتنی ڕاستی))دا باش پەرەی سەندووەو خۆی ئاماژەی بەوە داوە کەوا ئەم کارەی بە پێویست زانیووە بۆ پەرەدان بە خوێندنی کوردی دەنووسێت ((سر)و ((بور))و ((ژیر))ی حەرفەکان بە(ـە) ، (و)، (ی)دەنووسین) {ژ 63، 1919، ل1}لە (ژ ، 1 ، ل1، س1 ، د 21 - ((خلقی ی)) واتە (ی)ی تیژی بە دوو (ی) نووسیوە، لە فەرهەنگی ((الهدیة الحمیدیة فی اللغة الکردیة)) 1893 (استانبول، 1310ه) بۆ نیشاندانی دەنگی (ۆ)و (ێ) لە ژێر نیگاری (و)و (ی)دا نیشانەی (8) داناوە،

ل 43، س2، د2 – ((تۆبە))، ل 33، س1 د14 – ((پێرار))،

له گۆڤاری (ژین)ی ئەستەنبۆڵ، ژ (18) مایس 1919 بۆ پیتە بزوێنەکان (8) پیت‌و بۆ کۆنسونانتەکان (34) پیتی دیاری کردووە.

(و -8 لەسەر) بۆ ۆ

(ۆ) بۆ دیفتۆنگی(وی)

(ی -8 لەسەر) بۆ ێ

(ێ) بۆ بزرۆکە

له کتێبی ((انجیل یوحنا))، 1919 چاپ کراوە ، لاپەڕە 8، د 6 – (بڵێ) نوسراوە واتە چوکڵە خراوەتە سەر پیتی (ل) بۆ نیشاندانی دەنگی (ل) قەڵەو،

(ئـ) هەمزە (ئ) لە سەرەتای وشـەوە دێـت بـۆ یاریـدەی دەربڕینـی دەنگـە بزوێنەکانی سەرەتای وشە، یا بڕگە، دەنگە، بەلاّم فۆنیم نییە.

لـە ژمـارە (18) گۆڤـاری (ژیـن)ی ئەسـتەمبوولدا، کـە (8)ی مایسـی 1335ی لەسـەر نوسـراوە کـە دەکاتـە (8) مایسـی 1919 وتـارێکی داوەر ئەردەلاّنی بەناوی ((چۆن بکۆشین؟)) هەیە لە ل (16)و لە نووسـینی هەنـدێ وشەدا نیگاری (ئـ)ی بەکار هێناوە:

(د 8 – ((ئەمرد))،

(د 11 – ((ئەم))،

(د 14 – ((ئەکۆشین))،

(د 20 – ((ئەمندە))،

هەروەها هەمان نووسەر لە گۆڤاری (کوردستان)، کە لە هـەمان ڕێکـەوت دەرچووە پیتی (ئـ) بەکارهێناوە،

کەواتە لە کارێکی وا گەورەی ئـەکادیمیادا دەبوایـە بـە دەسـتەواژەیەك، بـە دێرێك ئەم ڕاستییە مێژوویە فەرامۆش نەکرێت،

4- هەر دوابەدوای هەمان بڕگە لـە کۆتـایی دێـڕی دووەم ل(10) هـاتووە (ێ) بۆ (ێی) کراوە (ە) بـۆ بـزوێن، وەك ئـەوەی تـەنیا (ە)ی بـزوێن بێـت لـە ئەلفوبێی کوردیدا،

5- لە ل(10) دێڕی (6)دا دەنووسێت:

{تیپە خاڵدارەکان (16)ەن، بە هەموویان (30) خاڵیان هەیە، } ،

نوسەرانی کورد زۆر لەمێژە، کێشەی چۆنییەتی نووسینی زمـانی کوردیـان لەبەرچاو گرتووەو هەوڵی نەهێشتنی گیروگرفتەکانیان داوە تا لە پاشـاگەردانی ڕزگاریان بیێ‌و ئەلفوبێ والیێ بکەن بتوانرێ دەنگە کوردییەکانی بـە جـۆرێکی وا پیێ دەربڕیێ، خوێندەوەری کورد بتوانیێ ئەوەی دەیڵێ بیخاتە سەر کاغەز.

بەداخەوە تا ئێستاش ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی نییە ، ئەم هەوڵـەی ئەکادیمیاش درێژەی هەوڵی دەیان ساڵە لەم بوارەدا، کە لەلایەن زانایانی کوردو کوردناسان هەوڵ‌و کۆششی بۆدراوە،

ئاشکرایە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەر دەنگێك چەند نیگـارێکی هەیـە، بـە وێنە (یاو)بە چوار جۆر دەنووسرێت:

یـ— سەرەتا

ـیـ— ناوەند

ـی— کۆتایی لکاو

ی _ کۆتایی سەربەخۆ

واتە دەبیێ هەریەك لەم پیتانە جاران (×) (4) بکرێت بـەپێی ئـەوەی هـەر یەکەیان (4) شـێوەو نیگـاری هەیـە لەنووسـیندا دەبـێ خوێندارلەبەرچـاوی بگرێت، واتە: 30×4=120 خاڵ

واته سەدو بیست جار نووسەر خامە لەسەر لاپەڕە هەڵدەگرێت لە نووسیندا جگە لە قاڵبی پیتەکە خۆی واتە تەنیا بۆ نووسینی خاڵەکان سەدو بیست جار نووسەر خامە لەسەر لاپەڕە هەڵدەگرێت،

6- (تیپە کوردییەکان (34) تیپن)و ئەمانەن:

(ئـــ، ا، ب، پ ، ت، ج، چ، ح، خ، د. ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، ل، ڵ، م، ن، ه، ـه ، و، ۆ، وو، ی، ێ)

1- دیـارە ( ئـ) دەنگـی یاریـدەدەرە، فـۆنیم نییــە ، واتــە نـابێ بەتــەنیا بنووسرێت ووێنەو نیگـاری تایبــەتی هــەبێت، ئـەوەی هەیـە ئـەمری واقیعـە ئەلفوبێی عەرەبی سەپاندوویەتی،

2- -ی-:

(بزوێنی (ی-Î)لە زمانی کوردیدا یەك فۆنیمـە ، هەرچـەندە هەنـدێ جـار کورتەو هەندێ جار درێـژ تەلـەفوز بکرێـت، لەبـەر ئـەوەی ڕۆلی وتـا گـۆرین نابینێت، واتە فۆنیمی دیکە دروست ناکات، لەبەر ئەوە پسۆیستی بە نیگـاری دیکە نییە.

(پیر، تیر، شیر، سیر، هەنجیر) درێژ دەردەبڕدرێت ، ئەگەر کـورتیش بکرێتــەوە وشەی نوێ دروست ناکات.

هەموو ((ی-Î))یەکی ناوەڕاستی وشەی کوردی درێژەو هـیچ کـات کـورت نییە.

-ئەگەر وشەیەك دوو ((ی-Î))تێدا بێتو هێــز (stress) بکەوێتــە سـەر یەکێکیان ئەودەم ئەوی دیکەیان کەمێك کـورتر تەلـەفوز دەکرێـت، ئەمــەش دیاردەکی فۆنەتیکیەو هەر بزوێنێك هێزی لەسەر بێت پتر دەردەکەوێت،

- ((ی-Î)) کۆتایی وشە هەندێ جار کورت دەردەبڕدرێت، هـۆی ئەوەیـە کە:

1- هێزی لەسەر نییە،

2- بووەتە(ی، y)ی کۆنسونانت،

کەواتە نوسینی ((ی-Î)) بە دوو (یی) هەڵەیە، (زەوی، پەری، کانی، پایز، ماین، بی)

3- کورتە بزوێنی (i) تۆفیق وەهبی ناوی ناوە (بزرۆکە):

(دڵ، خڕ، دڕ، دز، پڕ، من، - یەك بڕگەیین)

(کردن، بردن، خستن، مردن...فرەبڕگەن)

لە ل/15 / بڕگە (3) دەڵێت:

3 - ﴿تیپـی (ی) بزوێنـی (دەنگـداری) فـرە کـورت (بزرۆکـە)، کـە لـە ئەلفوبێی لاتینیدا، نیشانەی (i) دراوەتێ، وەك:

{من min، ژن jin، کوردستان kurdistan...}

کە لە نووسینی کوردی بە ئـەلفو بێـی عـەرەبی وێنـەی نییـەو پێویسـت ناکات، تیپێکی سەربەخۆی بۆ دابندرێت، ﴾

1- لەم دەقەدا خۆی دەڵێ: (بزوێنی (دەنگـداری) فـرە کـورت (بزرۆکـە)، کەواتە فۆنیمەو واتا گۆڕە، وەك پیتەکانی دیکەش دەبێ نیگـاری تایبـەتی بـۆ ئەم دەنگە دروست بکرێت، کە ئەلفوبێی عەرەبی لە توانای دانابێت نیگـار بـۆ ئەم فۆنیمە داین بکات ، کەمو کورتیە لە ئەلفوبێەکەدا،

کەواتە دوو فۆنیم لە ئەلفوبێی عەرەبی نیگاریان نییە:

1-(ی-Î)ی بـزوێن، بـۆ نمونـە: {ئـاین Ayî n، مـاین Mayîn، مـەییو Meyîw، گـەییو Geyîw، پـایز payîz، کۆتـایی Kotayî، لادێـی ladeyî،

لادێییە ladeyîye، ماسیەکە masîyeke } بۆ جیاکردنەوەی لە (ی، y)ی نەبزوێن،

2-بزرۆکە (i)، کە پێویستە نیگاری تایبەتی بۆ بکرێت، چونکە دەوری بڕگە جیاکردنەوە دەبینێت ، بۆنموونە:

(ژن، ژان، ژیان)، لەبەر ئەوەی ڕۆلی جیاکردنەوەی بڕگەو واتا گۆڕین دەبینیٚ، کەواتە فۆنیمەو پێویستی بە نیگاری تایبەتی خۆی هەیە،

- دەشیٚ (یٚ -Î)ی (سکون لەسەر)، )و (ی- y) بەکاربێت

لە لاپەڕە (16) دەنووسێت:

﴿6- نیشانەکانی (ی)ی، دەنگدارو (ی)ی بێدەنگ، واتە: (Î)و (y) لە ئەلفوبێی تیپی عەرەبیدا، هەردووکیان هەمان هێمای (ی)یان هەیە، بەلاٚم لە ڕاستیدا لێك جیاوازن و، لەکاتی بەدوای یەکتر هاتندا دەبێت، هەردووکیان پێکەوە بلکێندرێت، وەك:

(زەوییەکە، ڕێوییەکە، دیارییەکە......)

نەك (زەوی یەکە، ڕێوی یەکە، دیاری یەکە)

زەوی+ەکە=زەوی یەکە Zew î +eke=zew î yeke

موو+ەکە=مووەکە mû+eke=mûweke ﴾

ئاشکرایە، ئەگەر وشەیەك کۆتایی بە بزوێنی (وو-û) یا (یی-Î ) بێت و نیشانەیەکی بە بزوێن دەست پێکردوو (ی) پێدا بلکێندریٚ، ئەو دەمە لە نێوان وشەو نیشانەکەدا کۆنسونانتی (و-w) یان (ی-y) دێتەکایەوە، بۆنموونە:

1- نیشانەی (ان)ی کۆ:

برایان — برا+ی+ان نیشانەی کۆ bira+y+an=birayan

بەڕووان — بەڕوو +و+ان berû +w+an=ber û wan

2- نیشانەی (ەکە)ی ناسیاوی:

ئارەزووەکە — ئارەزوو+و+ەکە Arezû+w+eke=Arezûweke

زەوییەکە — زەوی+ی+ەکە zew î +y+eke=zew î yeke

3- نیشانەی (ە)ی نادیاری:

تووەوە — توو+ە=تووە Tû+w+o=tûwe

جووەوە — جوو+و+ە cû+w+o=cûwe

4- دوو دەنگی بزوێن پێکەوە نایەن‌و لە حالەتی پاراستنیاندا (پاراستنی بزوێنەکان)، کۆنسونانتی (ی-y)و (و-w) دێتە نێوانیانەوە،

برا+ی+ان=برایان (نیشانەی کۆ)

بەرووان بەروو+و+ان(نیشانەی کۆ)

تەرازوەکە تەرازوو+و+ەکە (ی ناسیاوی)

جووەوە جوو+و+ە (ی ناسیاوی)

5- لە ئەلفوبێی لەتینیدا تەماشای نیگاری ئەو چەند دەنگ کێشە لەسەرانە بکەین، گیروگرفتێکی ئەوتۆ بەدی ناکەین، بەو پێیە وێنەی دەنگەکانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی لەبارترە،

6- کۆنسونانتی (ڕ) قەڵەو کە (ڕ) بۆ داندراوە لە هەر کوێیەك هات دەبێت وا بنووسرێت،

7- لە کوردیدا بۆ نووسینی دەنگیٚ کە هێزی لەسەر بێت دوو جار پیتەکە دەنووسین، وەك: (میللەت، کەللە......)،

لە لاپەڕە (12)داهاتووە:

{1- (و)ی کورت (u)، کە بۆ ری عەرەبی دەگەرێتەوە، وەك: (کوڕ، قوڕ، لوڕ، ...، ، )، بە یەك (و)ی، بیٚ نیشان دەنووسرێت، بەڵام ئەم تیپە، لە شێوەی

نووسیندا هەر شێوەی (و)ی، کۆنسونانتەکەی هەیە، بە لاتینی (W)، بەڵام لە رووی (سیاق)ەوە، لە یەکتر جیاوازن }

1- هیچ پێویست بە دەستەواژەی (کە بۆ ری عەرەبی دەگەرێتەوە) ناکات لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی خۆی هەیەلە زمانی کوردیداو فۆنیمێکە وەك فۆنیمەکانی دیکە پێویست بەوە ناکات بە تایبەتمەندیەکی زمانی عەرەبی بپیورێت،

2- دەستەواژەی (لە رووی (سیاق)ەوە لە یەکتر جاوازن) هەڵەیە، چونکە هەر یەکەیان فۆنیمێکی سەربەخۆیەو پێویستی بە نیگارێکی تایبەتی هەیە، هیچ پەیوەندی بە (سیاق)ەوە نییە ، لەم رووەوە،

لە بڕگە (2) ی هەمان لاپەڕە هاتووە (ل(12))

{2- (و)ی درێژ (û)، کە بە دوو (وو) دەنووسرێت، وەك: (کوور، پوور، ژوور، مێژوو......، تاد)،

لە زمانی کوردیدا، (و-u)و (وو-û)، دوو فۆنیمن، چونکە گۆڕینی (و)و (وو) جیاوازی دەخاتە نێوان وشەکانەوەو وشەی نوێ پەیدا دەکات، وەك: (کوڕو کووڕ، - بۆ نموونە، بۆیە بۆ تێکەڵ نەکردنیان لە ڕێنووسدا، پێویستیان بە دوو نیگاری جیاوازە، وەك لە پێشەوە باسمان کرد،

دەنگی \وو\ لە زمانەکەماندا، لە بنچینەدا هیچ کێشەیەکی نییە، هەرچەندە، دوو هێما (نیشانە) بۆ دەنگێك بەکارهێندراوە، بە پێی روخساری دەنگەکە، تاکو لە دەنگی (و) جیا بکرێتەوە،

ئەوەی ئەم کێشەیەیی ناوەتەوە، دەرکەوتنی سێ واو بە دوا یەکە لەو وشانەی کە بە دەنگی (وو) کۆتایان دێت، لە باری خستنەسەردا، دەبێتە سێ واو، کە زۆر ئاساییە، ئەگەر واوی خستنەسەرەکە، کەمێك لە (وو)ەکە، دوور بخرێتەوە،

وەك: (ڕەژووو ئاگر، بەڕوو ومازوو، میژوو وجوگرافیا......) ئەوە كێشەیەك دروست ناكات، }

1- دیارە گەر (و-U)و (وو-û ) دوو فۆنیم بن، كەوایە، كەواتە دەبێ دوو نیگاری جیاوازیان هەبێت،

لە هەر بارێكی دیكەدا چی لە باری خستنەسەر یان پێوەلكانی نیشانەكان نابێت قاڵبی وشەكە بشێوێندرێتو تایبەتمەندیكانی ون بكرێت، بۆنموونە:

كەو-كەوان- kew - kewan

كەوەكە- kewaka

بەڕوو+ان=بەڕووان Ber û wan

توو+ان=تووان T û wan

لە ل(13)، بڕگەی (4) دا هاتووە:

{4- واوی كۆنسونانت (نەبزوێن (w)، ئەگەر لەپێشی یان لەپاشی تیپێكی بزوێنەوە هات، بە واوێكی بێ نیشان، یەك (و) دەنووسرێت، وەك: (داو، ڕاو، پیاو) }

لە هەمان لاپەڕە دێڕی (6)و دواتر نووسراوە:

{ (و-w)ی، سەرەتای وشە، خۆی لە بنچینەدا یەك (و) واوو سیمای نیمچە كۆنسونانتی هەیە، بۆیە كاتێك بە لاتینی دەنووسین، پێویستمان بە بزرۆكەیەك دەبێت، وەك: وریا - wirya، وڵات - wilat

ئەم نیمچە كۆنسونانتانە پێویستی بە یارمەتی ئەو بزرۆكە دەبێت، ئازادی دەركەوتنی دەدرێتیو گۆ دەگرێت}

ئاشكرایە وەك لە بڕگە (3) باسمان كرد (بزرۆكە-i) فۆنیمێكی سەربەخۆیەو واتا گۆڕە بڕوانە (ژن - Jin، ژان - Jan، ژیان - Jiyan)

كەواتە بەهیچ جۆرێك (بزرۆكە) دەنگی یاریدەدەر نییە بۆ دەربڕینی (نیمچە كۆنسونانتی) (و)، لێرەدا ناوی لە (و)ی وشەی (وریا، ولاّت) نا (نیمچە كۆنسونانت)و وای دانا كە (بزرۆكە) یاریدەدەری دەربڕینی دەدات دیارە هەردوو بۆچوون هەلّە ن:

بڕوانە بڕگە {7- واوی سەرەتای وشە، وەك: (ولاّت، وریا، ورچ، وتی...، ) پێویستە بە یەك واو (و) بنووسرێت نەك دوو (وو)، چونكە لە زمانی كوردیدا، بزوێن لە سەرەتای وشەوە نایەت، دیارە واوی سەرەتای ئەو وشانە، (W)ە، كە نەبزوێنە، وشەش لە زمانی كوردیدا بە بزوێن دەست پێناكات، } {ل13-14}

لێرەدا دەبینین ناوی ناوە (نەبزوێن) واتە (كۆنسونانت)ی تەواو نەك (نیمچە كۆنسونانت)، كامیان دەبێ لەبەر چاو بگیرێت!

(و-W) – واوی نەبزوێن (كۆنسونانت) پێویستە نیگاری تایبەتی خۆی هەبێت جیاواز لە نیگارەكانی دیكە،

10 – (و-u)ی بزوێنی كورت، لە ل14 بڕگەی (8))

{8- (و)ی بزوێن، وەك: (كوڕ، گورگ، گورج...، ، )

لە (و)ی نەبزوێن، وەك: (وەرە، چاو، راو...، ) بە شێوە جیا ناكرێنەوە، }

(و- u )ی بزوێنی كورتو (وو- û )ی بزوێنی درێژ دوو فۆنیمن، واتا گۆڕن (كوڕ، كووڕ) (kur ،kûr)


11- لە ل14 بڕگەی (10) دەلێت:

{10-تیپی (وو) لەم وشانەی خوارەوەدا:

| جۆری یەکەم | جۆری دووەم |
| --- | --- |
| ووتی | وتی |
| وورچ | ورچ |
| کاوورڕ | کاورڕ |
| باووك | باوك |

بۆ نووسینی ئەم وشانەش دروستر وایە بە جۆری دووەم بنووسرێت، چونکە:

1-لە نموونەکانی – (ووتی، وورچ)دا، دەنگی (و)ی یەکەم، نیمچە ڤاوڵە و دەنگی دووەم بزرۆکەیە (ڤاوڵە)، کە لەم ئەلفوبێیەدا وێنەی نەکێشراوە، کەواتە وشەکانی (وتی، ورچ) لە یەك برگە پێکدێن، نەك دوو برگە، هەروەهاش لە ڕووی برگەی دەنگسازیەوە ، (phonology)، بەم شێوەی لێ دێت:




و(نیمچە ڤاوڵ) بزرۆکە(ڤاوڵ) رچ(هێشوو) }

1- دەڵێ: بزرۆکە (ڤاوڵ)ە،

2- /و/ لە وشەی (ورچ) دەڵێ (نیمچە ڤاوڵە) واتە کۆنسونانت نییە! خۆ لە سەرەتای وشە هاتووە!

گومان لەوەدا نییە کەوا دەنگی سەرەتای ئەو وشانە (وشە، وشك، وریا، ووتە...)، (W)ە، واتە کۆنسونانتی (W)

بەلاّم دەنگی دووەم ئایا (u)ە یان (i)ە

مێجەر سۆن لە دوو کتێبی رێزماندا کە یەکێکیان لە 1913 دەرچووە:

E، soane: Grammar of the Kurmanji or Kurdish language ،B، London 1913،

ئەوی دیانی دوای شەڕ – واتە 1919

EB، Soane,Elementary Kurmanji Grammar,Baghdad 1919،

بلاّو کردۆتەوە سەرەتای بەشێك لەو جۆرە وشانەی بە (w، u) نووسیوە، بە وێنە لە کتێبی یەکەمدا، بڕوانە: (ت154، د24-(wuti)،

(ل184، د29-(wushtir)،

لە کتێبی دووەمدا، بڕوانە: (ل91، د1-(wurdik)

لە کتێبی یەکەمدا (ل178، د8-(wirch)

واتە گەر نیگار بۆ (و-W) هەبا جیای کاتەوە لە (و-U) ئەوسا ئەو گیروگرفتە نەدەما، گەر ئەوە بسەلمێنین ئەوساکە وشەکانی (ورچ، وتی) (wurich-wirich) لە هەردوو حالّەتی نووسیندا دوو بڕگەن، (و+(i))+(ر+(i)+چ) واتە دوو بڕگەیە وتی: (و+(i))+(تی) دوو بڕگەیە،

**تێبینی:** / لە زمانی کوردیدا (گوتن-gutin)و (وتن-wetin) دەوترێ، گۆڕانی دەنگی (گ) بە (و-W) هەیە، لە (گوتن)دا بە ئاشکرا دیارە دووەم دەنگ کورتە بزوێنی (و-U)ە، جا بەو پێیە لە (وتن)یشدا هەر هەمان بزوێن بەدوا (و-W)داهاتووە.

لە وشەکانی (حوشتر-وشتر، هرچ-(hiric)، هشك(hisik)، هەمان دیاردە دەبینین،

له (ل15 بڕگەی (2) دەڵێت:

{2- نموونەکانی (کاووڕ، باووك) لەگـەڵ دوو نموونەکـەی (ووتـی، وورچ)دا جیاوازن، چونکە \و\ لەم نموونانەدا، تەنیا لە نیمچە ڤاوڵ پێکهاتوون و، لەگەڵ وشەکانی پاشە خۆیاندا هێشووە کۆنسونانتیان دروست کردووە، لەبەر ئەوە ئـەم وشانە لە یەك بڕگە پێکهاتوون، نەك دوو بڕگە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لوتکە/ سەرەتا کۆتا/ ك ا وڕ(هێشوو)

دیارە، (کاووڕ-kawir) دوو بڕگەیـە، وەك: (بـاووك – bawik)، (وورچ – wiriç یان wuriç)، (ووتی – witi)،

4 – کۆنسونانتی (ی) (نەبزوێن، بێدەنگ) (ی-y)، وەك: یاد. یار، یاڵ،

له ل15، بڕگەی گرفتی تیپی (ی) هاتووە:

{1- گرفتی تیپی (ی): 1- تیپی (ی)ی بێـدەنگ واتـە (y)، وەك: (یـاد. یار، یاڵ...، ) لە زمانی کوردیدا، یەك فۆنیمە نەك دوو، هەرچـەندە هەنـدێجار کورتو هەندێجاریش درێژ گـۆ دەکرێـت، بـەڵام واتـا ناگۆڕێـتو فـۆنیمی دی ناهێنێتە کایەوە، بۆیە پێویست بە نیگاری تر ناکات،

2- تیپی (ی)ی دەنگدار(واتە: Î)لە وشـەکانی، وەك: زەوی، پـەری، کـانی، خانی، ، )یەك فۆنیمـە ، هەنـدێجار کـورت نـەك دوو، هەرچـەندە هەنـدێجار کورتو هەندێجاریش درێـژگۆ دەکرێـت، بـەڵام واتـا ناگۆڕێـتو فـۆنیمی تـر ناهێنێتە کایەوەو پێویست بە نیگاری تر ناکات، ئەم دوو دەنگی /ی/یـە، بـە تیپی عەرەبی بە یەك شێوە دەنووسرێت، بەڵام بە تیپـی لاتینـی جیـاوازن، کـە (y)و(î)یە، }

ئەم دوو /ی/یە دوو فۆنیمن، کەواتە پێویستیان بە دوو نیگـار هەیـە، وەك (تیپی لاتینی)، کە پیتەکانی عەرەبی یارمەتیدەر نـین لـەم بـاوە، دەبـێ چـارە بکرێت، دەکرێ بەم شێو لە یەکیان جیا بکەینەوە:

1 – (یی، ی) بۆ کۆنسونانت (نەبزوێن – بێدەنگ)

2 –(یی ^ ، ی^) بۆ ڤاولْ (بزوێن – دەنگدار)

لە لاپەڕە (6) بڕگە (9)داهاتووە:

{9- هەر وشەیەك، بە تیپە بزوێنی (ی)و(یْ) یا هەر بزوێنێکی تر کۆتایی هاتبێت ، هەر شتێکی بەدوا داهات، ناوگرێکی نەبزوێن (ی)یـەکی نـەبزوێنی دەخرێتە سەرو لەگەڵ وشـەی یەکەمـدا پێکـەوە دەنووسـێنرێن، وەك: (نوێیـە، ماڵییە، هەرمێیە، سێیەم) نەك: (نوێ یە، ماڵی یە، هەرمێ یە، سێ یەم)، }

دیارە بەکارهێنانی وشەی (ناوگر) بۆ (ی) لەم شوێنە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی پێناسەی ناوگر بەم شێوەیە!

((ئەو جۆرە ئافێکسانەن کە لە ناوەندی رەگی وشە دادەندرێن))، مەگەر بـە خوازە(مجاز) بڵێین دەشێ،

((1-) د، نەو رەحمانی حـاجی مـارف – وشـەرۆنان لـە زمـانی کوردیـدا، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد – بەغدا، 1977)،

(تێبینی: ئافێکس (affix)، لـە وشـەی (affixus)ی لاتینییـەوە وەرگـیراوە بـەمانای ((گـیر، چەسـپاو))، ئـەو مۆرفیمەیـە کـە واتـای رێزمـانی هەیـە (گیرەك)یش پێ دەلێن، بەتەنیا بایەخی نییە، کە دەچـێتە سـەر وشـە دەتـوانێ دەوری دروست کردنی وشە ببینێ‌و واتاببەخشێت،

((نـاوگر – inffix)) لـە وشـەی لاتینییـەوە وەرگـیراوە، کـە بـە مانـای (خستنەناو، تێ هەڵکێشان) هاتووە،

مەسعود محەمەد لە کتێبی (چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا، 1976 لە باسی ناوگردا (ل77-85) گەلێك ڕووی گرنگی ئەو کێشەیەی ساغ کردۆتەوەو (22) نموونەی هێناوەتەوە:

- بواردن /ا/ لە (بوردن)ەوە هاتووەن ئەمیشیان دەنگێکی (ا) هاتۆتە نێوان (و، ر)و فیعلەکەی کردوە بە تێپەڕ،

- شەبەق /بە/ بە واتای (شەق بردنێکی گەورە)، لە وشەی (شەق) وەرگیراوە،

- برێشکە /ێ/ لە برژانەوە هاتووە، دەنگی (ێ) لە لاوە هاتووە بۆ ناوئاخنی وشەکە، )

کەواتە بەکارهێنانی وشەی ناوگر لەم حاڵەتە هەلەیە، ئەم کۆنسونانتە (نەبزوێنە)ی دێتە نێوانەوە بۆ مانەوەی هەردوو بزوێنەو (ناوگر) نییە،

12- لە ل(19) بڕگەی (2):

دووەم چەند سەرنجێکی گرنگ:

{2- یەکێك لەو ڕەخنانەی لە گشت شێوە ڕێنووسێکی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەگیرێت ئەوەیە، کە بزوێنی (و-u) لە کۆنسونانتی (و-w)و بزوێنی (ی-(î)) لە کۆنسونانتی (ی-y) لێك جیا نەکراونەتەوە، ئەو دوو دەنگە بزوێنە (و-u)، (ی-(î)) کە لە گۆ کردنو کاردا، لەگەڵ (و-w)، (ی-y)ی کۆنسونانت جیاوازن و، دەبوو لە ڕێنووسدا نیگگاگریگان، مۆرکی ئەو جیاوازییەی پێوە دیاربوایە}

ئەم دەقە بە دەستکاری کەمی سێ وشەی هاووتا لە (ل(99)) بڕگەی دوو لە {گیروگرفتی(و-w)و (ی-y) کۆنسونانت} هاتووە، لە کتێبی (د.

ئەورەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی)دا هاتووە بێ ئاماژە پێدانو باسکردن،

**چی لە دەقی ئەورەحمان گۆڕاوە:**

| ئەو رەحمان | ئەکادیمیا |
| --- | --- |
| تەلەفوز | گۆ کردن |
| هەڵدەستێ | دەگیرێت |
| وەربگرتایە | پێوە دیاربوایە |
| رەنگی | مۆرکی |

لە چەند دەقێکی دیکەشدا ئەم دیاردەیە هەیە،

ل20⁄ لە بڕگەی ⁄3-⁄ لە وشەی {بزوێنی (ی-)(ا) تا (هەڵیە)}،

13- لە ⁄ل25⁄ رێبازی یەکەم هاتووە:

{1- ئەگەر یەکەم وشەی، وشە لێکدراوەکە بە (تیپە نەلکاو) کۆتایی هاتبێت، ئەوا بەبێ یارمەتی دەدرێنە دەم یەکترو هیچ گرفتێک لە نووسیندا نییە،

وەك:

| وشەی سادە | وشەی لێکدراو |
| --- | --- |
| دار ، بەڕوو | داربەڕوو |
| چاو، کاڵ | چاوکاڵ |
| پەڕۆ، کۆ | پەرۆکۆن |
| شا، توو | شاتوو |

2 – ئەگەر وشەی، وشە لێکدراوەکە بە (تیپە لکاو)کۆتایی هاتبێت، وەك (دڵ پاك)، ئەوا ئەم جۆرە وشە لێکدراوە ، هەندێ گیروگرفتی نووسینی تێدا

دەبێت، چـونکە دەشـێت بـە دوو شـێوە بنووسـرێت، یـان دوو وشـەکە پێکـەوە بنووسرێن (دڵپاك)، یان بە جیا (دڵ پاك)،

ئەوەشیان یەکێکە لـەو گیروگرگفتانـەی ئـەلفوبێی عـەرەبی بـۆ نووسـینی کوردی پەیدا کردووە تۆ ناچاری لە (تۆپەڵە قـوڕ، کلاڵفـە دەزوو، کۆتـەرە دار)، بەجیا بیان نووسی کەچی بێی (دڵتەر، چینچین، دەنگگڕ، نووکتیژ، ماسـیگرە) بە یەکەوە بلکێنیت، واتا تایبەتمەندیی ڕێنووسی عەرەبی گرفت بـۆ ڕێنووسـی کوردی دروست دەکات،

ئەلفوبێی کوردی بەم شێوە بنووسرێت:

(ئا، ئە، ئو، ئۆ، ئوو ، ئێ، ئی، ئیی، ئێ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د. ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ه، و، ی)

ئا: ئاو، ئاوێنە

ئە: ئەو، ئەمڕۆ

ئو: کوڕ، گورج، کورد

ئۆ: کۆ، تۆپ، دۆ

ئوو: کووڕ، پوور، ، مێژوو

°: ژ°ن، د°ڵ

ئێ: دێ، زێ، لێو

ب: با، باب، ببە

پ: پار، دەپ، پەپولە

ت: تار، هات، بتبینم

ج: جێ، وەج

س: سارد. داس

ش: شار، شەش

ع: عەرەب، باع

غ: غار، باغ

ف: دەف، فێل

ڤ: دەڤ، داڤ، ڤیان

ق: قاز، لەقلەق

ك: کورد. کاڵ

گ: گا، گۆریگ

ل: لا، لێو

ڵ: دڵ، لاڵ

چ: چیا، چا، ورچ
ح: حەوت، پەحا
خ: خەو، ئاخ
د: دار، بەرد
ر: وەرە، دار، کەر
ڕ: ڕاو، کەڕ
م: مێ، دەم
ن: ناو، نان
ه: هەتاو، ئاه
و: ویریا، وەرە، داو
ی: یار، دیار

<u>تێبینی:</u> پیتەکانی زمانی کوردی – عەرەبی دەسکاری کراو، بە پێی لکان‌و نەلکانی دواییەکانی دوو جۆرن:

ئەو پیتانەی دواییەکانیان بە پیتێکی دیکەوە دەلکێن، پیتە لکاوەکان ئەمانەن:

(ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، ، ی، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ، ل، ڵ، م، ن، ه)

ئەو پیتانەی دواییەکانیان بە پیتێکی دیکەوە نالکێن، پیتە نەلکاوەکان، ئەمانەن:

(ر، ڕ، ز، ژ، د. ا، ە، و، و، ۆ، ی، ی، ی)

ئەم تایبەتمەندییەی پیتەکانی ئەلفوبێی عەرەبی زیانی بە زمانی کوردی گەیاندووە، لە ڕووی ڕێنووسی‌و وشە ڕۆنانەوە،

بۆنموونە:

(زەوی، زەوییەکە، زەوی یەکە، بنچینە، بنچینەی یەکان، بنچینەییەکان،

سینی، سینییەکە، سینی یەکە، دڵ پاك، دڵپاك، نووك تیژ، نووکتیژ، دڵ تەڕ، دڵتەڕ، پێش نوێژ، پێشنوێژ، باوك مردوو، باوکمردوو، ئاسن گەر، ئاسن گەر... هتد)،

## گیروگرفتی
## نووسینی وشەکان و تیک بەستنیان

د. (ئەورەحمانی حاجی مارف)بەگشتی لە(زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، 1976) ئەم خالانەی دەست نیشانکردووە:

1- هەندێ پیت نەنووسین و نە پاراستنی بناخەی وشەو پێڕەونەکردنی کاری فۆنەتیك لە ڕێنووسدا،

2- وشەی سادە تێکبەستن لەگەڵ مۆرفیمە (گیرەك) ئەفیکسییەکان،

3- وشەی لێکدراو،

4- هەندێ وشە بە ناڕاست لکاندنی بە پێش یا بە پاش وشەی دیکەوە،

5- تێك بەستنی پیتەکان،

6- نووسینی وشەی بێگانە،

1- هەندێ پیت نەنووسین و نە پاراستنی بناخەی وشە:

وشەی (وزە) (ووزە)، دەبینین لە (و- w / و-u / ز-z / ە-e)و دوو بڕگە (وو- wu / زە- ze) لە هەر بڕگەیەکیدا بزوێن هەیە، دیارە مەرج لە بڕگەدا بزوێن هەبێت،

کە بە یەك واو بینووسین ئەوا دەنگێکیان بێ وێنە دەمێنێتەوەو بڕگەیەکیان کەم دێنێ، (وچان، وشە، ولات، ولاخ، ورە، ورگ، ورتە، ، ، )

1- کورتکردنەوەو تێداچوون:

1- ئەگەر دوو دەنگی وێکچوو یاخود لێك نزیك بکەونە پاڵ یەك، ئەوە لە دەربڕیندا یەکێکیان ون دەبێ، وەك: کورت + تر = کورتر، دەست + کەوت= دەسکەوت، مەبەست = مەبەس...

لە نووسینی ئەم جۆرە وشانە دەبێ شێوەی پێکهاتنی رەچاو بکرێت نەك(بێژەو) گۆ (تەلەفوز)کردنیان،

ئەم تێکەلاّوبوونو ون بوونە رەنگ نەداتەوە،

دیاردەی تێچوونی (ت) لە وشەکانی وەك: دەکات، دەچێت، زوو پەرەی سەندووە، لە رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) ژ16، 23ی شوباتی 1918 هەژدە وشەی لەو جۆرە هەیەو بێ پیتی (ت) نووسراون،

بڕوانە: (ل1، ت، د20- پیك دی"

ل1، ت، د23- دیکا)...

هەر جۆرە قرتاندنو کلۆرکردنێك کە تایبەت بێ بە ناوچەیەك، نابێ لە زمانی ئەدەبی نووسیندا ڕەنگبداتەوە،

2- ئەگەر (ی)ی ئیزافە بخریتە سەر وشەیەکی کۆتایی بە بزوێنی (ی) هاتبوو (کە لە تەلەوزدا دەرناکەوێ) دەبێ بنووسرێت، (ڕێویی دەشتی هەولێر)، (ماسیی گەورە)، بۆ نیشاندانی باری رێزمانیو بوونی دۆخی ئیزافە (خستنەسەر)، با نەشخوێندرێتەوە،

رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) لە زۆر شوێندا ئەوەی رەچاو کردووە (ژ1، ل1، س1، (7-مردی ی اوان)، (ژ2، ل1، س1، د23- ((سختی ی جییان))،

بەداخەوە- کۆڕی زانیاری کورد. تەنیا بە دەمداهاتنی ئەو وشانەی رەچاو کردووەو بڕیاری داوە نەنووسرێت،

له شێوەی سلێمانی گۆڕینی دەنگێك بۆ دەنگێکی دیکە یان کلۆرکردنی یا تێداچوونی یا قووتدان یا سوان یا قرتان، ، زۆر پەرەی سەندووە،

1- ئاشکرا لە شێوەی سلێمانیدا (دە)ی رانەبردوو دەبێ بە (نە): دەڕۆم- ئەڕۆم" دەچم- ئەچم، ، ئاشکرایە (دە) نەبووە بە (نە)، بەڵکو (د) تێچووە،

2- یا زۆرجار دەنگی (د) کلۆر دەکرێ، وەك: (منداڵ) لە بریتی (منداڵ)" (مەحموو) لە جیاتی (مەحموود) سوانو تێچوونی (د) دەبێ راست کرێتەوە،

3- یا ئەو (ە)یەی لە نێوان ژمارەو نیشانەی (ەم، ەمین) دا دێت لەلای هەندێ نووسەران، شتێکی زیادەیەو لەولاوە هێندراوەتە تاوانەوە،

4- یا لە هەندێ شوێن لەو کردارانەی کەوا لە رێژەی کارا بزردا دوو (ڕ) یا دوو (ر) کۆدەبنەوەو (د) لەناو دەچێ: کردرا- کرڕا" گۆڕدرا- گۆڕڕا" ژمێردرا- ژمێررا،

5- هەندێ جار ئەو (ب) یەقووت دەدرێ- لە کرداری داخوازیو پێبەندکاری (ئیلزامی)دا نیشانەی (ب) هارکارە، ڕابکە- راکە" هەڵبگرە- هەڵگرە" وەربگرە- وەرگرە، ، )

له نووسیندا بنچینەو قاڵبی وشە دەبێ بپارێزرێت،

2- تواندنەوە Assimilation

له زمانی کوردیدا دەنگی کۆنسۆنانتی ئاوازەدارو کپ هەن، دەنگە ئاوازەدارەکان (Voiced) ئەمانەن: (ب، د. گ، ج، ڤ، ز، ژ، ع، غ، م، ن، ل، ڵ، ر، ڕ، و-w، ی-y)

دەنگە کپەکانیش (Breathed) ئەمانەن:

(پ، ت، ك، ق، چ، ف، س، ش، خ، ح، ه)

**بەرانبەر گەلێك دەنگی ئاوازەدار، دەنگی کپ هەیە:**

| ئاواز ەدار | کپ | | ئاوازەدار | کپ |
|---|---|---|---|---|
| ب | پ | | غ | ح |
| د | ت | | ، | ھ |
| گ | ك | | ، | ، |
| ، | ق | | م | ، |
| ج | چ | | ن | ، |
| ڤ | ف | | ل | ، |
| ز | س | | ڵ | ، |
| ژ | ش | | ڕ | ، |
| ع | ، | | و- w | ، |
| ، | خ | | ی- y | ، |

**(خشتەی ل (40) لە زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، ئەورەحمانی حاجی مارف، 1976)**

**لە زمانی کوردیدا، وەك لە زۆر زمانی دیکەشدا، ئەگەر لە دوای دەنگێکی ئاوازەدارەو دەنگێکی کپ بێت، ئەوسا دەنگە کپەکە کاردەکاتە سەر دەنگە ئاوازەدارەکەی بەردەمی‌و وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ- واتە: دەیهێنێتە ریزی ئەو پۆلە دەنگانەی کە خۆی یەکێکە لێیان، جا بەشێوەیەکی کەم‌و ست، ئەم رووداوە لە فۆنەتیکی کوردیدا دەبیندرێ، بەتایبەتی ئەگەر لە پاش دەنگی (ز)و (ژ)ەوە دەنگی (ت) هەبێت، وەك:**

1- زۆرجار (ز) لەبەردەم هەندێ دەنگی کپدا، وەك (س) تەلەفوز دەکرێت: وەك:

گەزین- گەست، گەستی

پارێز- پاراست، پاراستی

2- گەلێکجار (ژ) کە دەکەوێتە پێش هەندێ دەنگی کپەوە، وەك (ش) بەدەمدا دێت، بە وێنە:

ڕژان- ڕشتن، ڕشت

کوژرا- کوشتن، کوشت

هەژدە- هەشت، هەشتا

بە پێچەوانەشەوە لە زمانی کوردیدا، ئەگەر لە دوای دەنگێکی کپەوە دەنگێکی ئاوازەدار بێت ئەوسا دەنگە ئاوازەدارەکە کاردەکاتە سەر دەنگە کپەکەی بەر دەمی‌و وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی ئاوازەدار- واتە دەیهێنێتە ڕیزی ئەو پۆلە دەنگانەی کە خۆی یەکێکە لێیان،

هەندێ جار کە (س) دەکەوێتە پێش دەنگی ئاوازەدارەوە وەك (ز) تەلەفوز دەکرێت وەك:

دەزگا- لە (دەست+ گا) پێکهاتووە:

1- (ت) لابراوە، بەر یاسای کورتکردنەوە کەوتووە،

2- (گ) کۆنسۆنانتی ئاوازەدار لەگەڵ دەنگی (ز) دا ئەمیش ئاوازەدارە پتر دەگونجێ، وەك لەگەڵ (س) کە کۆنۆنانتی کپە، لەم ڕووەوە یاسای تواندنەوە کاری کردووە،

ئایا ئەو چەشنە وشانە چۆن بە دەمدا دێن وا بنووسرێن یا بە جۆرێك بنووسرێن بنیات‌و شێوەی پێکهاتنیان دیار بن‌و بنجی وشە بپارێزرێت:

(گەز) ڕەگی (گەستن، گەستی، ، )یە

(کوژ) ڕەگی (کوشتن، کوشتی)یە

وا باشە ئاماژە بە رەگی وشە بکرێتو لە نووسیندا بۆ ئاسانی زانینی دەستووری تواندنەوە وا دەکات لە پاشخانی وشەکە بگەین،

3- کارتێکردن:

دەنگی (گ، ك) کە دەکەونە پێش دەنگی (یێ، ی، وێ، وی) شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێتو لە بەدەمدا هاتنی دەنگی (چ، ج) نزیك دەبنەوە، وەك:

(کێرد. گێلاس، کیسە، گیسك، کوێ، گوێ، هەنگوین، ) ئەم شێوە دەربڕینە فۆنێمی دیکە دروست ناکاتو پێویستی بە نیگاری دیکە نییە،

4- شێواندنو گۆڕینی دەنگ:

زۆرجار (د) دەکەوێتە دوای (ن)، وەك (گ) دەردەبڕێت (بەتایبەتی لە شێوەی سلێمانی)، (توند- تونگ، مەند- مەنگ، دەربەند- دەربەنگ) لێرەدا (د) لابراوەو بوەتە هۆی ئەم دیاردە فۆنیمی دیکە دروست ناکاتو پێویستی بە نیگاری تایبەت نییە،

ئەمە وەك شێواندنی (ڵ) کردنە (ر)، لە کۆیەو خۆشناوەتی، یا (ل) لە هەولێر،

راست وایە شێوەی رەسەنیان بنووسرێن،

وشەی سادە لەگەڵ مۆرفیمە گیرەکییەکان (مۆرفیمە ئەفیکییەکان)

1- پسێشگرو پاشگر:

هەرچەندە رەگی وشە واتای سەرەکی وشە هەڵدەگرێ، بەلاّم بەهیچ زمانێك ئەو توانستەی نییە تەنیا بە ڕەگو ریشەی سادە مەبەست دەربڕێ،

ڕەگ وشەو وشەی سادە بەیاریدەی پێشگرو پاشگر دەتوانن سەدان وشە دروست بکەنو سەدان ماناو مەبەست دەربڕن،

بە وێنە پاشگری (ێنە) کە دەچێتە سەر وشەی وەك: (نیسك، ماش، ، )
دوو وشەی نویٚ دادەڕێژێت: (نیسکێنە، ماشێنە، ، )

پاشگری (ین) کە بە وشەی سادەی وەك: (سەر، نەرم، ، )ەوە دەلکیٚ، وشەی داڕێژراوی (سەرین، نەرمین) سازدەبیٚ،

ئەو پێشگرو پاشگرانەی ڕۆڵی وشە ڕۆنانی دەبینن، مۆرفێمی تایبەتین لە زانستی زماندا بە (مۆرفێمی وشە داڕێژ- Derivational morpheme ناسراون،

پێشگرو پاشگر، لە زماندا بە تەنیا بایەخیان نییەو بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار ناکەن، بەڵکو کە دەچنە سەر وشە دەتوانن ڕۆڵی ڕۆنانی وشە بگێڕنو واتا ببەخشن، بەو پێیە ڕاست نییە بەجیا بنووسرێت،

لەگەڵ ئەوەشدا دەبیٚ ئەمە ڕەچاو بکرێت کە:

1- لە وشەی نسادەی کوردیدا پاشگر هەمیشە لە دوای ڕەگی وشەوە دێتو ئینجا بەدوای ئەودا،

نیشانە- واتە هەردەم پاشگر پێش نیشانە دەکەوێت، بە وێنە: وشەی ((فیلْبازتر)) کە لە وشەی (فێلْ)و پاشگر (باز)و نیشانەی (تر) پێکهاتووە،

یا (ئاسنگەران)، ئاسن + گەر + ان

یا (مۆمدانەکە)، مۆم + دان + ەکە

لەم ڕەوشانەدا پاشگرو نیشانە دەلکێندرێت بە کۆتایی وشەوە، چونکە دەبنە بەشێکی پێکهێنی تەواوی واتای وشەکە،

هەرچی پێشگرە لە ڕووی لکانەوە جیاوازی لەگەڵ پاشگردا هەیە ئەوەیش بووەتە هۆی دروستکردنی کێشەی نووسین،

پێشگر چەند ڕەوشێکی هەیە:

1- هەندێ کات بە پێشی ڕەگگی وشەوە نالکێتو زۆرجار لە نێوان پێشگرو ڕەگی وشەدا شتی دی پەیدا دەبێ،

بە وێنە (هەڵدەگرم)، (دە)ی نیشانەی موزارەعەت، لە کرداری (ڕام کرد) راناوی لکاوی (م)ی کەسی یەکەمی تاك، (دە، ب، نا، نە، مە، ، )

سەردار دەچوو بۆ قوتابخانە

سەردار بچۆ بۆ قوتابخانە

کەواتە دوو جۆر مۆرفێمی وشە گۆڕ لە زمانی کوردیدا هەیە کە پێی دەوتری (نیشانە)

ئەوانەی بە کۆتای وشەوە دەلکێت پێیان دەوترێت پێشە نیشانە Inflexion، هەرچی جۆری دووەمی نیشانەیە بە سەرەتای وشەوە دەلکێنو بە (پاشە نیشانە) (Augment) ناسراون،

ئەم دوو جۆرە نیشانەیە رۆڵی سەربەخۆیان نییەو تەنیا مانای ریزمانی دروست دەکەن دەبێ بە وشەوە بلکێندرێتو لێیان دانەبڕێ،

## وشەی لێکدراو

وشەی لێکدراو ئەو وشەیەیە بە لای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێ، وشەی لێکدراو بە دوو رێگە پەیدا دەبێ:

1- بێ یاریدە، وەك: گوڵاو، شاهەنگ، سەرگەرم

2- بە یاریدەی یەکێك لەو ناوبەندانە (ئینتەرفێکی)انە:

1- (ە): بەردە نوێژ، مزرە سێو، بووکە شووشە،

2- (و): لەرزو تا، هێلکەو ڕۆن،

3- (ەو): بانەو بان، شارەو شار، ماڵەو ماڵ،

4- (او): ڕەنگاوڕەنگ، دەماو دەم، چەماوچەم،

5- (ان): بەرانبەر، سەرانسەر،

6- (بە): چاو بەکاڵ، گوڵ بەدەم، جێبەجێ،

وشەی لێکدراون و واتایەکی نوێیان هێناوەتە کایەوە،

ئەم وشانە دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێت،

(و)ی پەیوەندی (هێلکەو ڕۆن) هەرچەند لە هەندێ حاڵەتدا وەك: ئینتەفێکی کار ناکەن، بەڵکو وەك (ئامراز) خۆیان دەنوێن، بە وێنە: کوڕو کچ، ژن و پیاو، ، )

ئەو چووتە وشانە کە بەهۆی (و) پەیوەندییەوە دەکەونە شوێنی یەکتر دەبێ بە جیا بنووسرێن بەگشتی ناو ئاوەڵناوو ئاوەڵکرداری لێکدراو کێشەی کەمە، بەلاّم کردار (کردن، بوون، دان، نان، بردن، گرتن، هێشتن، خواردن، کەوتن، هاتن، ، ) لەگەڵ:

1- ناو یا ئاوەڵناو دێن کێشە دروست دەکەن لە نووسیندا، بە وێنە: تۆبەکردن، گەرم کردن، تێربوون، گەرمابوون، ڕاونان، بانگێشتن، سەرکەوتن، ، دەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێن،

2- هەتا گەر پێشگریش هاتە ناوەوە هەر دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، بە وێنە: ڕێگاگرتن، بەهێزبوون، ماستاوکردن، سەرخۆش بوون، لەبەرئەوەی دەبنە وشەیەك دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن،

3- بەلاّم کە دەوترێت (رێگام گرت، ماستاوم کرد. سەرم هەڵبڕی، ، ) ئـەوە دەبنە وشەی سەربەخۆ لێرەدا دەبێ بەجیا بنووسرێت،

ناڕاست لکانی هەندێ وشە بە پێش یان بە پاش وشەی دیکەوە:

1- ئاوەڵناوی (تر) (= دیکە، هاو واتای ئەوە)

لە زمانی کوردیدا دوو مۆرفیمی هاوبێژی (تر) هەیە، یەکێکیان ئاوەڵناوی (تر)ە، وەك دەوترێ (کچی تر/ کچێکی تر، ، )

ئەوی دیان نیشانەی بەراوردی (تر)ە، وەك: باشتر، جوانتر، ، )،

(تر)ی ئاوەڵناو دەبێ سەربەخۆ بنووسرێو (تر)ی نیشانە پێویستە بە وشـەی پێش خۆیەوە بلکێنرێ، لەبەرئـەوەی بەشـەکانی ئاخـاوتن وشـەی تـەواوبن یـا ناتەواو دەبێ بەجیا بنووسـرێن، بـەلاّم نیشـانەو پێشـگرو پاشـگر کـە بـوونی سەربەخۆیان نییە، پێویستە بە وشەوە بلکێندرێت،

2- (و)ی پێوەندی

وشەی تەواو وشەیەکە سەربەخۆو راستەوخۆ مانای دیاردەیەکی مـەوزووعی واقیعی جۆراوجۆر دەبەخشێتو دەتوانی وەك ئەندامێکی رستن خۆی بنوێنێ،

(وشـەی تـەواو- الكلمـە التامـە Autosemantic word) شـەش بـەش ئاخاوتنی کوردی خوارەوە وشەی تەواون،

1- ناو،

2- ئاوەڵناو،

3- جێناو (راناو)،

4- ژمارە،

5- کردار/ چاوگ،

6- ئاوەڵکردار،

ئەو وشانەی راستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی واقیعییەوە نییەو سەربەخۆ ناتوانن وەك: ئەنـدامێكی رشـتە خۆیـان بنـوێنن، دەوریـان یاریـدەدانی وشـە تەواوەكانی بەشەكانی ئاخاوتن لە بەجێهێنانی ئەركـەكانیانرا، بەتایبـەتی لـە دەربڕینی واتایانداو پێكەوە بەستنیان لە رسـتەدا، ئەوانـەش وشـەی ناتـەواو- الكلمه الناقصه- Syntactic word) كە چوار بەشن:

1- ئامرازی پەیوەندی،

2- پریپۆزیشن- پێشبەند،

3- ئامرازی بانگهێشتو سەرسوڕمان،

4- پارتیكیل، پاژیلە،

(و)ی پەیوەندی وشەیەكە واتای (لەگـەڵ) دەبەخشـێ لـە بەشـە ئاخـاوتنی (ئامرازی پەیوەندی)دایە رۆڵی بەیەكەوە بەستنی دوو وشە یا دوو دەستەواژە یـا دوو ڕستە دەبینێت،

هەرچەندە لە یەك دەنگ پێكهاتووە، لـە تەلەفوزكردنیشـدا لەگـەڵ وشـەی پێش خۆی دێت، دەبێ سەربەخۆ بنووسرێت،

(چمكی بەدەمدا هاتنی وشە بەس نییە بۆ قیاس لەسەركردن بۆ ڕێنووس)

(ی)ی ئیزافە نیشانەیە.

3- پریپۆزیشن (پێشبەند): هەرچەندە لە ریزی وشەی ناتەواو، بەڵام بەشـە ئاخاوتنێكی چالاكە بە وێنە دەوترێـت: ئـەو بـە سـواری ئەسـپ هـات، (بـە) رواڵەتی سەربەخۆی هەیە،

(نەوزاد بێ تۆ ناژی)

(پار لە سلێمانی بووم)

بۆیه پێویسته پریپۆزیشن بەجیاو سەربەخۆ بنووسرێت، پۆستپۆزیشنی (پاشبەند) (دا، ڕا، ەوە) دەبێ بە کۆتای وشەوە بلکێنرێ،

4- گوێزانەوەی وشه له بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن یا بوونی وشه بە گیرەك (ئافیکس)و ناوبەند (ئینتەرفیکس) زۆر کاریگەرە،

هەندێ پریپۆزیشنەکان وەك پێشگرو ناوبەند (ئینتەرفێکس) خۆیان دەنوێنن:

1- بەوێنە: لەرو بەهێز، بێهۆش، لەبار، ، ) (بە، بێ، لە) پێشگرن،

2- له ((چاو بەکل))، سەربەخۆ، گوڵ بەدەم، (بە) ناوگر) (ئینتەرفێکس) خۆی دەنوێنێ، لەبەرئەوەی گیرەكو ناوگر، (ئافیکسو ئینتەرفێکس) سەر بەهیچ بەشە ئاخاوتنێك نین، سەربەخۆ بەکارنایەن، لێرەدا ئەو (بێ، بە، لە)یە نین که لە رستەکانی (ئەو بەسواری ئەسپ هات)، (نەوزاد بێ تۆ ناژی)، (پار لە سلێمانی بووم)، چونکه لێرەدا پریپۆزیشتن،

3- پریپۆزیشن کاتێ لە پێش وشەیەکەوە بێت کە دەنگی سەرەتای سوا بێ، ناچار بە وشەکەوە دەلکێ، (لەوێ، لەم، بەم، بەمان، بەوان)،

کە لە بنەڕەتدا (لە ئەوێ، لە ئەم، بە ئەم، بە ئەمان، بە ئەوان، ، ) بوونو (ە) تێچووە (کە تەنیا دەرنابڕدرێت بەبێ یاریدەی (ك) واتە هەردوو دەنگ تێچوونە ) لێرەدا لەگەڵ پاشماوەی وشەکان تێکەڵ بووە بەیەکەوە دەنووسرێت،

## تێكبەستنی پیتەكان

لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەر دەنگێك چەند نیگارێكی هەیە،
بەوێنە (ی) پیتی (یا) بە چوار جۆر دەنووسرێت:
1- لە سەرەتا (ی)
2- لە ناوەڕاست (ـــیـــ)
3- گەر بە پیتی پێشەوە بلكێ (س)
4- گەر بە پیتی پێشەوەی نەلكێ (ی)،
ئەمە سەرەڕای گرانیو قورس نووسینی:

1- زۆربەی ئەو وشانەی پیتی دواییان بە پیتی لكاو دوایی دێت، كاتێ نیشانە، یان پاش بەند. پۆستپۆزیشن) وەردەگرن، شێوەی جۆر بەجۆر وەردەگرن، وەك:

جوان تر، جوانتر، هاوڕێی باش، هاوڕێ ی باش،

2- ئەو وشە ناسادانەی مۆرفیمی یەكەمیان بە پیتی لكاو كۆتایی دێت، هەمە چەشنە دەنووسرێت،

وەك: چاپ خانە- چاپخانە- بەرگ درووـ بەرگدروو- جێ گە- جێگە)

3- ئەو وشانەی مۆرفیمی یەكەمیان بە پیتی نەلكاو تەواو دەبێ، گیرو گرفتیان نییە وەك یەك دەنووسرێن:

(ئازاتر، لە هەولێردا، ڕووڕەش، زۆر بلێ، ،

- ئایا بەیەكەوە نەلكێنرێن بۆ ئەوەی وشەی ناسادە قەوارەی خۆی بپارێزێتو شێوەی ڕۆنانی ئاشكرا بكات،

- یا بەیەكەوە بلكێن بۆ ئاسانی نووسین،

- ڕێنووس ئەركی ئەوەی لەسەر نییە شێوەی ڕۆنان پێشان بدات،

واباشترە بەیەکەوە بلکێن، واتە شێوەی سادەی پیتی نەلکاو لکاو،
وشەی ئاڵۆزی وەك: گوێ لێ گرتن، بە چوار جۆر دەنووسرێت:
1- گوێلێگرتن، 2- گوێ لێ گرتن، 3- گوێ لێگرتن، 4- گوێلێ گرتن،
واباشە بەسەر یەکەوە بنووسرێت، بەڵام کە دەبێتە ڕستە: گوێم لێت گرت،
نابێت پیتە لکاوەکان لێکیان بدات، مامەڵەی رستەی لەگەڵ دەکرێت:
نووسینی وشەی بێگانە:
بێگومان ئەوەی کورد لە بێگانەی وەرگرتووە خستوویەتییە ژێر باری فۆنەتیكو رێزمانی کوردییەوەو بەمە بەرگێکی کوردی بە بەردا کردووە،
دەستکاری وشە عەرەبییەکان:
1- لە ڕووی دەنگو بەدەمداهاتن:
دەنگەکانی (پ، ص، چ، گ، ڤ، ژ) کە لە گەلێك وشەی عەرەبیدا هەن، لە کوردیدا کراون بە (س، ت، ز) وەك: صابر- سابیر، پروە- سەروەتـ گاهر، تایەر، قرچ، قەرز، ڤلم، زوڵم، ژخیرە، زەخیرە، ، )
رێکەوتی وەهاش زۆرە وشەیەکی عەرەبی بەشێوەیەك دەسکاری کراوە، بە لێکۆڵینەوە نەبێت نازانیێ عەرەبییە:
متمانە- مگمئن، تام- گعم، مەشخەڵ- مشعل، سات- ساعە، ، )
بە ئەم دەسکاری کردنەش شێوەو بەرگی کوردی بە بەردا کردووەو خستوویەتییە ژێر باری سروشتی فۆنەتیکی زمانی کوردیەوە هەر بەو جۆرەش دەبێ لە رێنووسدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، چونکە رێنووسی ئاوێنەی واقیعی زمانەکەیە؟
پێویستە لە نووسینی وشەی بێگانە پەیڕەوی رێنووسی کوردی بکرێت.

## ڕۆڵی ڕەگی کار لە زاراوەدانانـدا
## گرنگی زاراوە دانـان لە زمانـی کوردیدا :

زاراوە, لەهەموو زمانێکی زیندوودا بەشێکی زۆری وشـەکانی ئـەو زمانـە دەگرێتەوە ، ئەم بەشـەش بابەتـەکانی زانسـتو رۆشـنبیریو ئـەدەبیو هونـەرو ئابووریو رامیاری و ... هتد لەخۆ دەگرێت ،

زاراوە کۆڵەگەی زمانی نەتەوایەتییە, بنچینەی زمانی ستانداردی نەتەوەیە ، دیالێکتەکانی لەیەك نزیك دەکاتەوە, دەبێتە هۆی پێکهێنانی یەکێتی دەربـڕین و بنچینەی ئامرازی گواستنەوەی هزرو بیرو داهێنان بۆ نەوەکانی داهـاتوو بـە یەکگرتوویی ،

پێشکەوتنی هـزرو بـیری مـرۆڤو پێداویسـتی ژیـانو کۆمـەڵ, زیـادبوونی بەرهەم... هەمیشە پێویستیان بە پەیـدابوونو هاتنـە کایـەی ووشـەی نـوێ هەیە ، ووشەکانی زمان زیاد دەبنو گەشـە دەکـەنو گۆرانیـان بەسـەر دادێـت, هەندێکیان لە بەکارهێنان دەکەون بەڵام بزووتنەوەیەکی بێ ووچانو بەردەوام لە زماندا هەیە وشەی نوێ دروست دەبێت لەسەر بنچینەی ئەو ووشانەی لـەزووەوە لە زمانەکەدا هەن ووشەی نوێ دروست دەبێت ،

### ڕۆڵی فەرهەنگ

ئاشکرایە فەرهـەنگ رۆڵێکـی گـرنگ دەبینێـت لـە دەسـت نیشـانکردنی واتاکانو ئاراستە کردنی خوێنەر بەرەوواتای نوێو بلاّوکردنەوەی وشەی نوێباو ،

هەرلەیەکەم فەرهەنگی کوردی (نوبهارا بچوکان- چاپی1990 بەغـداد)ی شـاعیری گـەورەی کـورد ئەحمـەدی خـانی ، لـە سـاڵی 1682-1683 ز ،

کەفەرهەنگۆکێکی دانا بۆ یارمەتی دانی منداڵانی کورد بۆفێربوونی زمانی عەرەبی تائەمڕۆ،

ئەوەتا لەواتادانەوەی چەندان وشەی عەرەبی زاراوەی نوێی داهێناوە:

هەرلەپێشەکییەکەیدا (ل 11) دەڵێت:

(ئەڤ چەند کەلیمەنە ژ لوغاتان ، ڤێك ئێخستن ئەحمەدێ خانی ، ، ، )

تیایدا بۆ:

تالیف: ڤێك ئێخستن،

ی بەکارهێناوە، یا دەڵێت: (لازمە ل سەوادێ چاڤ ناس بن، )

ماهر: چاڤ ناس،

مؤمن: خودێ ناس ل (13)

اطلاق: بەردان ل(24)

ام: ماك ل (25)

ربع: ئێورگە ل(31)

الروضة: چیمەن ل(31)

حزمة: گورزە ل (33)

حمی: پاوان ل(33)

اقبل: بەردا ل(36)

ادبر: پشت دا ل(36)

عرش: بان ل(45)

ربا: زێدەیی ل(49)

جنة: ڕەز ل(50)

یەکەم فەرهەنگی لەلایەن ئەورووپیەکانەوە دانرا ، لە 1787 ز لەلایەن قەشە (ماوریزۆ گارزۆنی) ئیتالّی –کوردی لەپاشکۆی کتێبەکەی لەبارەی رێزمانی کوردی ، لەرۆماچاپکرا، مانای پێنج هەزاروشەی ئیتالّی بە کوردی تێداهاتووە.

لە 1795 ز ، شێخ مارفی نۆدێی فەرهەنگی(احمدی) بەشیعر دانا، عەرەبی –کوردی بوو،

لە 1858 ز ، پیۆتەر لێرخ ، لەپاشکۆی کتێبێکی لەبارەی کوردوکوردستانەوە ، فەرهەنگی کوردی- رووسی داناوە،

لە 1879 ز، ئا، ژابا، فەرهەنگی کوردی –فەرەنسی داناوە،

لە 1872 ز ، س، ئە، ری، موژدەگاری ئەمەریکی لەپاشکۆی کتێبێکی لەبارەی رێزمانی کوردیەوە، فەرهەنگۆکێکی کوردی –ئینگلیزی داناوە، ئەمرەوتە بەردەوام رووڵە پێشکەوتن و تایبەتکاریە،

## رۆڵی میدیا:

رۆڵی بێ هاوتاو زۆر گرنگی میدیاکان، لە زاراوەدانان دێرین و بەرچاوە، هەر لە یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان) 1879 – 1902 یەوە ، تائەمڕۆ، بەوێنە:

وتارەکانی (کۆواری دەنگی گێتی ی تازە) لە ژمارە 1 ی بەرگی 1ی ت1ی1943 تادواژمارەی لە 25ی ئابی 1947 زۆر بە پوختی سەرەتای دانانی زاراوەی سەربازی لەچاخی نوێ دەنوێنێت، بەتایبەتی نووسینەکانی بەهەشتی تۆفیق وەهبی بەگ ، بۆنموونە:

نیرو: قوة

**کەشتی گەل: اسطول**

**ترکزە: خطر**

**بەژی: بر**

**پێشانی: جبهة**

**لەشکر: جیش**

**سپایی: عسکری**

**چەکی هەوایی شاهانە: السلاح الجوی الملکي**

**تفاقی جەنگی: تجهیزات حربیة**

**چەترباز: مظلي**

**زرێدار: مدرع**

**پۆلەفڕۆکە: سرب الطائرات**

**لەگۆڤاری(زاری کرمانجی) 1926-1932 زاراوەی (کۆوار) بەرانبەر: المجلە)و (کۆڤار-گۆڤار) لە (هەتاو)، ژ: 1، 1954 بەرانبەر: المجلە، بەکارهاتووە،**

**لەگۆڤاری (هەتاو)، ژ: 19 ، 1954: زاراوەی (بەرەوانیار: محامی) بەکارهاتووە، لەگۆڤاری (هەتاو)، ژ: 25 ، 1955 ، زاراوەی گەمەخانە: ملعب، ڕانواندن: استعراض، دادخانە: محکمە، ودەیان زاراوەی دیکە.**

**بە راستی ئەمڕۆ رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەفزیۆنو ئینتەرنێت، بوونەتە زمانی خەڵك، هەنگاوێکی گرنگ بەرەو دروست کردنی زمانی ستاندارد داوێن،**

**لەبەر ئەوە پێویستە بایەخێکی زۆر بە زمانی رۆژناگەریو ئینتەرنێت بدرێتو ئاراستە بکرێت، سەرەڕای ئەوەیش پێویستە بایەخ بەوەرگێڕان بدرێت، وەرگێڕان هونەرو سازکارییە، ئێمە پێویستمان بە پێگەیاندنی**

توێــژێکی‌وەرگێڕی زانســتی‌و تــەکنیکی هەیــە، ئەنــدازیاران‌و تایبەتمەنــدانی بوارەکانی دیکەی زانست کە بە زمانی بیانیان خوێندووە، پێوستە هان بــدرێن، بۆوەرگێڕان‌و کەرەسەی پێویستیان بخرێتە بەردەست،

لەهــەمان کــات هــەوڵی پێگەیانــدنی تایبەتمەنــدان لــە بــواری‌وەرگێڕانی زانستی‌و تەکنیکی بدرێت، کە پرۆسەیەکی پەروەردەییە،

## زاراوە دانان

زاراوە دانان واتــە دۆزینــەوەو هەڵبــژاردن‌و وەرگێــڕان‌و دانــانی زاراوە, ئــەم زانستە لە سەدەی رابردووەوە پەرەی سەندووەو رێو شوێنی بۆ دانراوە،

(تا سالآنانی (60) ئەم کارە بە شــێوەیەکی سســت‌و ســادەو ســاکار بــوو، بەرهەمی ئەو دەورە بریتی بوو لە:

فەرهەنگۆکەکەی ڤ، نیکیتین, کە لــە ســاڵی (1916) لــە ورمــێ بــڵاوی کردەوە, فەرهەنگۆکی زاراوەی زانســتی ئەرمــەنی – کــوردی, کــە لــە ســاڵی (1935) لــە یــەریڤان چــاپ کــراوە، لیســتەی ئــەو زاراوە کۆمەڵایــەتی‌و سیاسیانەی جەلادەت عالی بەدرخان لە بەشێکی تایبەتی گۆڤاری (هــاوار) دا لە ژێر نــاوی (فەرهــەنگۆك) دا تۆمــاری کــردووە، ئــەو زارازانــەی مامۆســتا عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری (نــزار) داو هــەروەها ئــەو زاراوانــەی کــە لــە (گەلاوێژ, ژیــن, دەنگــی گــێتی تــازە, هــەتاو...، ) دا خراونەتــە بــەر چــاوی خوێندەواران،

دەوری دووەم لە شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە دەست پــێ دەکــات, بەرهــەمی ئەم دەورە بریتی یە لە: ئــەو زاراوە زانســتیانەی لــە لایــەن چــەند لیژنەیــەکی تایبەتی جیاوازەوە دانراون‌و دارێژراون‌و لــە چــەند ژمارەیــەکی گۆڤــاری (رۆژی

نویَ) ی ساڵی (1960) دا بڵاو کرایەوە, راستە لە وەرکێرانو دارِشتنو داتاشینی ئەم زاراوانە دا ناتەواویو کەمو کورتی ئێجگار زۆرن, وەك لە وتارەکەی مامۆستا جەمال نەبەز دا, کە لە زاراوەکانی لیژنەی ریازیاتی گرتووە خراوەتە پێش چاو, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرهەمە دەوری خۆی بینیوەو دەبینێت، دوا بە دوای ئەم زاراوانە لە لایەن نەقابەی مامۆستایانی سلێمانییەوە فەرهەنگۆکی (زاراوەی زانستی) دەرچوو, کە 97 لاپەرِەیە،

لە زاراوەکانی بەشی جوگرافیا مامۆستا غەفور رەشید لێی کۆلیوەتەوەو رەخنەی بە جێی گرتووە، لە ساڵی (1960) دا مامۆستا جەمال نەبەز لە ژێر ناوی (هەندێك زاراوەی زانستی)دا فەرهەنگۆکێکی لە چاپدا, لە ساڵی (1960-1961) یشدا بە رۆنیۆ سەد نوسخەییێکی لە ژێر ناوی (فەرهەنگۆکی زانستی) دا بڵاوکردەوە،

یەکەم نزیکەی سیَ سەدو دووەم نزیکەی سیَ هەزار زاراویەیێك دەبن، دوای بڵاو کردنەوەی ئەو چەند بەرهەمەی لە سەرەوە ناومان بردن- ماوەی دە ساڵێك لەم رووەوە هیچ شتێکی وەها لە چاپ نەدراوە کە شایەنی باس بێت، بەڵام پاش رێکەوتنەکەی ئاداری مێژوویی هەست بە بزووتنەوەی ئەم کارە دەکەین،

ساڵی (1971) لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە, کە ژمارەیەك لە زاناو کوردی زانی بەتوانا هاوبەشیان تێداکردووە فەرهەنگۆکێك, کە بریتییە لە کۆمەڵە وشەو زاراوەی عەربیی — کوردی لە ژێر ناوی (فەرهەنگۆکی زاراوەی پارێزگای سلێمانی)دا لە چاپدرا، ئەم فەرهەنگۆکە نزیکەی (1400) وشەیەك دەبێت کە بۆمەبەست نوسین لە نێوانو دامو دەزگاکانی فەرمانیدا دانراوە،

**بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی لە ژمـارە (4)ی سـاڵی (1972) ی گۆڤارەکەیدا – (پەروەردەو زانست) کە 136 لاپەرەیە فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی, کە بریتییە لەو زاراوانەی بۆ فێرگەکان پێویستن بڵاو کردۆتەوە[بڕتر] ،**

---

10 د.ئەورەحمانی حاجی مارف: وشە ڕۆنـان لـەزمانی کوردیـدا، چ: کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا، 1977

## کۆڕی زانیاری کورد

کۆڕی زانیاری کورد. هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە(1970) بە شێوەیەکی زانستیو فراوان گرنگی بەم مەسەلەیە داوەو چەمکی مەردایەتی بەلادا کردووە, ڕێبازێکی زانستی دیار کردووە بۆ ئەوەی لە سنووری تونادا بتوانێت بەرهەمێکی کامڵ بخاتە بەردەست، یەکەم ژمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لە1973 دەرچوو، ئەزمونێکی زۆردەوڵەمەندە،

ئەمڕۆ، ئەکادیمیای کوردی درێژەپێدەری ئەنجامدانی ئەم ئرکە پیرۆزەیە،

دوای راپەڕینە مەزنەکەی میللەتەکەمانو بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی رابردوو دا زاراوە دانان گوڕو تنێکی مەزنی بە خۆوە بینیوەو گۆڕانو گەشەی سەندووەو پێ بە پێی پێشکەوتنی زانستو زانیاریو فراوان بوونی بواری راگەیاندن لە تەلەڤزیۆنو رادیۆو چاپەمەنی لە گۆڤارو رۆژنامەی رۆژانەو هەفتانەو تایبەتمەندی لەو چاپەمەنیانەدا سەرەڕای کەشو هەوای ئازادی هەموو ئەو هۆکارانەو ئازادی ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری لەگەڵ وولاتاندا لە رێگای سەتەلایتو ئینتەرنێتو فاکسو ئامرازەکانی دیکەی گەیاندن،

لەبەر ئەم هەموو هۆکارانە ئەم زانستە لە رووی ئاسانکردنی گەیاندنی نێوان دەوڵەتانو میللەتانو هێنانەدی هاوکاری جیهانی بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، دانانی زاراوە بابەتی ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندی نێوان چەمکەکانو ئەو پێوارانە ئاماژەیان بۆ دەکەن, کە زاراوەکان زمانو دەربڕی ئەم چەمکانەن دەکۆڵێتەوە, ئاکامەکانی ئەم زانستەو جێبەجێ کردی نەك هەر بۆ ئاسان گواستنەوەی زانیاریو زانستو تەکنۆلۆژیای نوێ بەڵکو بۆ یەکخستنی زاراوەکان وەك ینچینەیەك بۆ دروست بوونی زمانی ستانداردی کوردی هەنگاوێکی مەزنو پیرۆزە لەبەر ئەوەی ئەم زاراوانەو یەکخستنیان

دەبنە پردی بەیەك گەیشتنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کە سەرەتای یەکخستنی زمانی کوردییە،

## گیروگرفتەکانی زاراوە دانان

لەبەر ئەوەی زاراوە بەگشتی کۆمەڵە هێمایەکی زمانین، ئاماژە بۆ چەندان چەمك یان شت دەکەن، هەر زاراوەیەکیش کە پەیوەندیدارە بەلکێکی زانستی یان تەکنەلۆژی یان: هێمایەکە، لەسەری رێك کەوتوون، بۆ گەیاندنی چەمکێك، لەچەندان دەنگی تێکبەستراو یان لەوێنەی نووسراوی ئەم دەنگانە (پیتەکان) پێك دێت، پێویستە دوو مەرجی سەرەکی تێدابێت:

یەکەم: پێویستە هەر چەمکێك یان شتێك، یەك زاراوەی سەربەخۆی بۆ دابنرێت،

دووەم: یەك زاراوە بۆ زیاتر لەچەمکێك یان شتێك بەکارنەیەت،

بەلاّم بەگشتی ئەو دوومەرجە سەدی سەد لەزۆر زاراوەدا نەهاتۆتەدی، لەبەر ئەوەیە زۆرجاران یەكوشە بۆ چەندانواتا بەکاردێت، زمانزانان بەو دیاردەیە دەڵێن، هاوبێژەیی یان هاوبەشی لەبێژەدا،

وەك: (گوڕی: کەچەڵ / گوڕی: تێنا ئاگری)

(دان: دەم، کات "دانی ئێوارە")دان: دانێ گەنمی)

(بیر: "بئر"، چاڵ) (بیر: هزرو رامان)

گیروگرفتەکانی زاراوە دانان زۆرن بە گشتی هۆیەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ:

1- گیروگرفتەکانی زمان:

2- گیروگرفتەکانی زمانی بیانی (واتە زمانی سەرچاوەکە ئەو زاراوانەی لێ وەردەگیرێت)،

**یەکەم: گیروگرفتەکانی زمانی کوردی:** زمانی کـوردی زمـانێکی زینـدووی جیهانە، بەڵام چەندان گیروگرفتی هەیە:


1- فرە دیالێکتی:

بەگشتی دوو دیـالێکتی سـەرەکی زۆر پـەرەیان سـەندووەو لـەرووی زاراوەو رێزمـانو رووبـەری جـوگرافی بەکارهێنانـەوە، دەوڵەمەنـدنو نووسـینو نووسینکاریان پێ دەکرێتو لەدامو دەزگاکاندابەکاردێن کـە دەکـرێ پەیوەنـدی نێوانیان بەم هێلکارییە دیاری بکەین،

ژمارەکانی ناو بازنـەکان تـوخمی زمـانین، کـە دەشـێ هەنـدێکیان تـوخمی هاوبەش بن لەگەڵ دوو دیالێکتە دەوڵەمەندەکە، ئەم دوو دیالێکتـە هەرچـەند لەڕووی رێزمانەوە زۆر زۆر لەیەك نزیکن بەڵام هەندێ تایبەتی زاراوەیی خۆیـان هەیە،

لەبواری زاراوەسازیدا پێویستە ئەم دیالێکتانـە لەبەرچـاو بگیرێـت، لەبـەر ئەوەی دەشێ ببێتە هۆی دانانی دوو زاراوە بۆ هەمان چەمك بەنموونە دەشـێ بـۆ زاراوەی (صحه) زاراوەی (تەندروستی) یان (ساخلەمی) بەکاربێت بەڵام دەبێتە هۆی دوانەیی لەزاراوە داناندا، وەك چەندانو چەندان زاراوەی دیکە،

2- زۆری وشەی هاوواتا:




نیگاری پەیوەندی وشەو زاراوە لە نێوان دیالێكتەكانی سەرەكی زمانی كوردیدا

دیالێکتەکان وایان کردووە زمانی کوردی دەوڵەمەند بێت لە وشەی هاوواتادا، هەتا لەنێو هەمان دیالێکتداوشەی هاوواتا زۆرە، ئەو دەوڵەمەندیە بۆ زمانی ئەدەبی مایەی شانازییەو بواری دەربڕین لەبەردەم ئەدیبەو نووسەران دەکاتەوە، بەلاّم لەبواری زاراوەسازیدا کێشەو گیروگرفت دروست دەکات، گەر چەند وشەیەکیان بۆ یەك چەمکی زانستی یان تەکنەلۆژی بەکاربێت، وەك:

(گێل، گەمژە، دەبەنگ، نەزان، هێڕ) یان (دارستان، لێر، چەم، جەنگەڵ، لێڕەوار، ، )

3- گیروگرفتەکانی زمانی سەرچاوە (بیانی):

هەندێ لەگیروگرفتەکانی زاراوەسازی دەگەڕێتەوە بۆ گیروگرفتی زمانی سەرچاوە - کە زاراوەکانی لێوەردەگیرێت:

1- فرە سەرچاوەیی زاراوەکان:

دەشێ سەرچاوەی هەندێ زاراوە (کە هەندێ جار لەڕێی زمانی عەرەبییەوە گەیشتۆتە زمانی کوردی) زمانی فەرەنسی یان ئینگلیزی بێت،

هەرچەندە هەردوو زمانی ئینگلیزیو فەرەنسی هەندێ زاراوە بەکاردەهێنن کە لە بنجدا گریکی یان لاتینین، بەلاّم سەر بەدوو تیرەی زمانی لێك جیاوازن، شێوازی جیاواز لە دەربڕین بەکاردێنن،

1- لەوکاتەی لەزمانی فەرەنسیو ئینگلیزیدا دوو ناوی جیاواز بۆ یەك شت یان چەمك دادەنێن، گەر لەهەردوو وەرگیران بە جیاجیا، ئەوا دوو زاراوەی لێك جیا لە ڕووی بنچینەی داڕشتنەوە پەیدا دەبن واتە دوانەیی لەزاراوەدا دروست دەبێت، بەنموونە:

نیترۆجینNITROJEN لە زمانی ئینگلیزیدا

ئازۆتAZOT لەزمانی فەرەنسیدا

**هەمان گاز دەگەیەنن گەر هەردوووشـەوەرگێران ئـەوا دەبـن بـە دوو زاراوەی سەربەخۆو دوانەیی لەزارەوەدا دروست دەبێت،**

**2- گەر دوو زاراوە هەبن لە تیرەی دارِشتندا هەریەکە جیا بێت لەوی دیکـە چ لەهەمان زمان یان دوو زمانی لێك جیادا ئەوا دوو زاراوەیی دروست دەبێـت، بەنموونە:**

**گەر یەکێکیان لە ئینگلیزیو یەکێکی دیکە لەفەرەنسی وەرگرین، هەتا لە وەرگێرِانیشدا، لەبەر ئەوەی لەتیرەی دارِشـتندا لەیـەك جیـان ئـەوا دوو زاراوەی سەربەخۆ دروست دەبن، وەك:**

**کارتی MASTER ئینگلیزی/ کارتی سەرەکی CARTE فەرەنسی**

**بەلاَم: کاتژمێری سەرەکی Mane CLOCK ئینگلیزی**

**کاتژمێری دایك HERLOJE MER فەرەنسی**

**ئەوا دوو زاراوەی لێك جوودامان لادروست بوو بۆ هەمان شت، کە پەیوەندی بەرِەگیوشەکەوە هەیە لەزمانەکەوە،**

**زانـینو پاراسـتنی ریشـەی زاراوەکـان لـەکاتی دارِشـتنی زاراوەدا سـوودی فێرکاریشی هەیە بۆ فێربوونو لەبـەرکردن، کەواتـە پێویسـتە لەهەلّبـژاردنی زاراوە ئاگاداری فرە شەرچاوەییو رِیشەی زاراوەکان بن لەزمانی سەرچاوەوە،**

**3- دووانەیی زاراوە لەزمانی سەرچاوەدا:**

**هەندێ جار هەتا لەزمانی سەرچاوەدا دووزاراوەیـی هەیـە، بەنموونـە دەشـێ لەزمانی ئینگلیزیدا زانایـانی ئـەمریکی زاراوەیـەك بـەکاربێنن کەچـی زانـا بەریتانییەکان زاراوەیەکی دیکە بـەکاربێنن، ئەگـەروەرگێرِی کـورد هـات دوو کتێبی لەبەر دەستدا بوو یەکێکیان ئەمریکیو ئەوی بەریتانی، ئـەوا دووزاراوە بۆهەمان شت چەمك دروست دەکات،**

بەنموونە فیزیازانە ئەمریکییەکان زاراوەی بۆڕی ئـەلیکترۆنی ELECTRONIC FUBE بەکار دێـنن کەچـی بـۆ هـەمان شـت بەریتانییـەکان زاراوەی دەرچـەی ئەلیکترۆنی VALVE ELECTRONIC بەکاردێنن،

هەردوو وشەی(FUBE)و(VALVE) دوو وشەن لەڕەگدا جیاوازن، لەبـەر ئـەوە وەرگێڕی کورد کە دێت هەردوو زاراوە بۆ هەمان شت دروسـت دەکـات بـەوەش دووانەتی لەزاراوەدا دروست دەبێت[11]،

4-وشەی هاوواتا لەزمانی سەرچاوەدا:

ئەم کێشەیە لەزمانی سەرچاوەدا دژوارییـەکی دیکـە دروسـت دەکـات لـە دژوارییەکانی گواستنەوەی زاراوە زانستیو تەکنیکیەکان بـۆ زمـانی کـوردی، لەباری هاوواتاییدا دەشـێ وەرگێـڕ نـەزانێت ئـەم دوو بێژەیـە هاوواتـان، یـان هەردوو وشـە هاوواتاکـان لەلایـەن چـەند کەسـێکەوە وەربگێـڕدرێن، بـەوەش دووانەی تر لەزاراوەی کوردیدا دروست دەبێ،

5-وشەی هاوبێژ واتە هاوبەش لە بێژەدا لە زمانی سەرچـاوەدا، کـە دەشـێ هـەر وەرگێڕێـك بـەجۆرێك وەریـان بگێڕێـت، بـە نموونـە دەشـێ زاراوەی فەرەنسی(PRETE VALVE) "هەڵگری دەرەچە" بێت (کەلێنی دەرەچـە) لەبـەر ئەوەی تیژەی (PORTE) هەردوو واتا دەگرێتەوە، کەواتای هەڵگرە، کون، کەلێن دەگەیەنێت[12]،

---

11 د. علی القاسمی- مقدمە فی علم المصگلح -بغداد -1985

12 د. علی القاسمی- مقدمە فی علم المصگلح -بغداد -1985

## گیروگرفتی ڕێکخستن:

سێ جۆر لەم بوارەدا هەن:

1- زۆری دانەرانی زاراوە،

2- پشت گوێ خستنی کولتووری کۆنی کوردی،

3- پشت گوێ خستنی ڕادەی ئاسانی بلاّوبوونەوەی زاراوە لەنێو خەڵکدا،

بۆ ئەوەی زاراوەکان تەنیا وەك مەرەکەبی سەر کاغەز نەمێننەوە پێویستە:

1-ئەو زاراوانەی خەڵك بەکاردێت، خاوەن پیتەکان، بوارەجیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانە، زاراوەسازانو پسپۆر ئاگاداری ئەو زاراوەش بێتو جیۆمالێکی گشت زاراوەکان بکرێت پێش دانانی زاراوەی تازە،

2-هەندێ زاراوەکە دادەنرێت زۆرگرانن بۆ بەکارهێنان لەبەر ئەو لەتەك وشە بیانییەکە دادەنرێت،

3- نەخوێندەواری هۆکارێکە بۆ بلاّونەبوونەوەی زاراوەی نوێباو،

## شێوازی زانستی لە زاراوە دانان:

1- دۆزینەوەی وشەی کوردیی ڕەسەن،

2- دانان: وشەی سادە، وشەی ناسادە: داڕێژراو، لێکدراو

3-خوازە (پێچەك)

4- داتاشین

5- وەرگێران

6- وەرگرتن: أ- هاوردە/ ب- سازدراو (گونجێنراو)

**داڕشتن:**

واتـــه بێژەیـــەك لەبێژەیـــەكی دیكـــەوە دابڕێـــژێت، بەمـــەرجێك هەماهەنگیوگونجانیان لە نێزەوواتا لەنێواندا هەبێت،

بەنموونە، لەرەگیوشەی"زانین" چەندانوشەی دیكـە داڕێـژراون، وەك: زانـا، پێزانین، دەزانم، زانراو، ، هتد،

2-**خوازە (مەجاز) (پێچەك):**

